دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤٣، یەکشەممە، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣، ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**شاندێکی حیزبی دێموکرات لە شوورای ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە ژنێڤ، بەشداریی کرد**

**دیداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆما جڤاکێن کوردستان**

**نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەولێر بەشداریی کرد**

٢ »



پەیامی بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی...

٤




گەندەڵی لە سیستمی ئیداری – ماڵی، ڕێژیمی کۆماری...

٥



شەوی یەلدا و لە دایکبوونی ڕووناهی

٨



کوردستان و ئازەربایجان لە یەک مەتەرێزدان

١٠

# هەموو کوردستان سەنگەری پێشمەرگەیە



٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ، سی ساڵ بەسەر دیاریکردنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە تێدەپەڕێ.

بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕێوڕەسمێکی ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزب، ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێز مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی یارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە و میوانەکانی ئەم ڕێوڕەسمە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان «ڕۆستەم جەهانگیری» ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە بەشێ لە قسەکانیاندا وتیان: «ناو و ڕێگا و ڕێبازی پێشمەرگایەتیی کوردستان بە قەد بست بە بستی کوردستان و بە ئەندازەی دڵی هەموو کچان وکوڕانی کوردستان گەشەی سەندووە و هەرتاکێکی کوردستان لە شوێنێ ژیان و کاری خۆی دەتوانێ بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بە هزر و ویستی ئازادیخوازانەی، دەست بداتە هەڵوێستی پێشمەرگانە و هەموو پانتایی کوردستانی نیشتمان، بۆ داگیرکەران و بەکرێگیراوانی جەماران بکاتە دۆزەخ و ئاگرباران».

بەڕێز جەهانگیری لە درێژەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە خۆڕاگری قارەمانانەی زیندانیانی سیاسی کورد لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕایگەیاند: «ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لەو کارە شۆڕشگێڕانەی زیندانیانی سیاسی دەکەین و داوا لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەین کە گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تاکوو وڵامی زیندانییە سیاسیەکان بدەنەوە و لە مردن ڕزگاریان بکەن».

لە بەشێك لەم ڕێوڕەسمەدا شەش کەس لە پێشمەرگەکانی حیزب بە ناوەکانی «حوسێن ستەمدیدە، بەهەمەن دێهقان، جەهانگیر ئەتمانی، حەبیب حەسەنی سیفەت، نورەدین سۆفی زادە و لوقمان شێخانی» لەوحی ڕێزلێنانی تایبەتی بیست ساڵەی خەبات لە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەیان لە لایەن «بەڕێز محەممەد نەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگرت.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن « کاك جەلال ڕەوانگەرد» جێگری یەکیەتی لاوان خوێندرایەوە.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

لەو کات و ساتانەدا کە ڕێ و ڕەسمەکانی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێز گرتن لە فیداکاری و لە خۆبوردوویی ڕۆڵە فیداکارەکانی نیشتیمان بەڕێوە دەچوو، هەڵمەتی ئازایانەی هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان بۆ ئازاد کردنی دەڤەری شەنگاڵ کە لەو چوار مانگەی دواییدا لە لایەن تێرۆریستە کۆنەپەرستەکانی داعشەوە داگیر کرابوو، دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتدا، پێشمەرگەکان توانیان بە بوێری و لێهاتوویی شایانی ناو و پێگەی خۆیان، مزگێنیی ئازادکردنی ئەو ناوچەیە بە گەلی کوردستان ڕابگەیەنن و بۆ جارێکی دیکەش مۆری لە شکان نەهاتوویی لە مێژووی پڕ لە سەروەریی خۆیان بدەن و هیوای ڕزگارکردن و پاراستنی هەموو خاکی نیشتیمان بە گەلی خۆیان ببەخشن.

بەر لە ٦٩ ساڵ، کاتێك کە ڕێبەران و پێشەنگانی نەتەوەی کورد لە پێتەختی کۆماری کوردستان، مەهابادی سەربەرزدا ناوی زێدە بەرز و پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ هێزی پاریزەری نیشتمان هەڵبژارد، حیزبی دێموکرات تەنیا هێزی چالاکی سەر جۆگرافیای کوردستان لە هەموو پارچەکانی نیشتمان، و کۆماری کوردستانیش قیبلەی ئازادیی هەموو وڵات بوو. بۆیەش نە تەنیا هەر کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو کوردەکانی هەموو پارچەکان لە پاراستن و بەڕێوەبردنی کۆماردا دەوریان بوو و بە کردەوە تێیدا بەشدارییان دەکرد. ئەو بەشدارییە، کراوەبوونی دەرگاکانی کۆمار و دەزگاکانی بەڕێوەبەریی لە سەر هەموو تێکۆشەرانی کورد، و ئەو هیوا گەورەیەی کە کۆمار لە هەموو بەشەکانی نیشتیماندا پێکی هێنابوو، کارێکی کرد کە هەموو تێکۆشەرانی کورد پێبەندی بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆمار بن. ناوی پیرۆزی پێشمەرگەش یەکێك لەو دەستکەوتانە بوو کە جێگای شیاوی خۆی لە مێژووی کوردستاندا کردەوە.

٣٩ ساڵ پاش ئەو بڕیارە بەجێیە، لە کاتێکدا کە ڕەوشی سیاسیی کوردستان گۆڕانێکی زۆری بە سەر دا هاتبوو و لە گۆڕەپانی سیاسیدا بێجگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر هێز و ڕێکخراوی دیکە، بە ناو و بەرنامەی جیاوازەوە دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی بۆ ئازادی کردبوو، حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەك ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ. لەو سەردەمەدا هەر

## نیگەرانی سووریە لە کاریگەری نەرێنی دابەزینی نرخی نەوت لە سەر پشتیوانی تاران لە دەمێشق

ڕێژیمی سووریە نیگەرانی کاریگەرییە نەرێنییەکانی دابەزینی نرخی نەوتە لە سەر بەردەوامبوونی پشتیوانی ماددی کۆماری ئیسلامی لەم ڕێژیمە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕویتێرز، بەرپرسێکی پلەبەرزی بازرگانی سووریە بەم هەواڵنێرییەی وتووە کە: «ئەگەر پشتیوانییەکانی ئێران نەبووایە، ئێمە نەماندەتوانی خۆمان دەرباز بکەین، پشتیوانی ئێران بۆ ئێمە گرینگ بووە و ئێمەیش لە بەرانبەردا، زۆرجار بەڵێنمان بە دەوڵەتی تاران داوە کە درگاگەلی زۆرتر و زۆرتر لە ڕووی سەرمایەگوزاری ئێرانییەکان لە سووریە بکەینەوە».

ئێران لە مانگی ژوییەی ڕابردوودا ئاسانکاری دارایی بە بڕی سێ میلیارد و ٦٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ کڕینی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ دەوڵەتی بەشار ئەسەد کردەوە. ئێران هەروەها یەك میلیارد دولار ئاسانکاری دارایی (قەرز) بۆ کڕینی بەرهەمە غەیرە نەوتییەکانی لە سووریە کردووەتەوە.

ڕویتێرز بە وتەی هەواڵنێریی دەوڵەتی «سانا» سووریە دەڵێت کە ئامانجی سەفەری حەوتووی ڕابردووی «وایل ئەلحەقی» سەرۆك وەزیرانی سووریە بۆ تاران دڵنیابوون لە بەردەوام بوونی پشتیوانیی لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد، بەتایبەت بەردەوام بوونی ناردنی بەرهەمە نەوتییەکانی ئێران بۆ ئەم وڵاتە بووە. هەر لەم کاتەدا دوو بەرپرسی بانکی سووریە بە ڕویتێرزیان وتووە کە ئێران بۆ پێشگیری لە دابەزینی بەهای دراوی سووریە، ٥٠٠تا٧٠٠میلیۆن دولاری داوە بە بانکی ناوەندی ئەم وڵاتە.

دانی پارە بە حیسابی بانکی ناوەندیی سووریە لە لایەن ئێرانەوە لە کاتێکدایە کە دراوی نەتەوەیی ئێران لە ساڵی ٢٠١١وە تا ئێستا زیاتر لە دوو سێیەم لە بەهای خۆی لە دەست داوە.

## ئێران بە هۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحکووم کرا

کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەك وێڕای ڕەخنە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران داوای لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد کە «ئەشکەنجە، هەڵاواردنی جینسی و کردنە ئامانجی چالاکان و ڕۆژنامەوانان» ڕابگرێ.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ئاسۆشیێتدپرێس، ئەم بڕیارنامەیە کە ڕۆژی پێنچشەممە بە پەسەندی ئەندامەکان گەیشت، هەروەها پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سووریەیشی مەحکووم کردووە و لە هەمانکاتدا خوازیاری ناردنی دۆسیەی مافی مرۆڤی کوریای باکوور بۆ دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (لاهە) بووە.

ڕەشنووسی ئەم بڕیارنامەیە کە سەرەڕای پەسەندکرانی لە کۆڕی گشتییدا، دەکرێ جێبەجێ نەکرێ، لە لایەن کاناداوە ئامادە کرابوو و ٤٥ وڵاتیش پشتیوانیان لێ کردووە.

پێش لەمە لە ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر، کومیتەی مافی مرۆڤی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد کە لەودا لە بەردەوامیی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتایبەت ڕێژەی زۆری ئێعدامەکان، نیگەرانی دەربڕیوە.

٧٨ وڵات بەم بڕیارنامەیە کە ڕەشنووسەکەی لە لایەن کاناداوە پێشکەش کرابوو، دەنگی ئەرێ،٣٥ وڵات وەك ڕووسیە، چین و کوریای باکوور دەنگی نەرێنی و ٦٩ وڵاتیش دەنگی سپیان بەم بڕیارنامەیە دا.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەولێر بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە زیاتر لە ٦٥ ڕێکخراو بوون، لە هوتیل چوارچرای هەولێر پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشدار بوو. بەرنامەی کاریی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە: هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی باکووری کوردستان و چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی کورد و دەوڵەتی تورکیە، و هەوڵدان بۆ لابردنی «پ ك ك» لە لیستی تیرۆر و ئازاد کردنی «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان. لە پێوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستانیش، باسێك لە سەر خەبات و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئاکامی ڕێککەوتننامەی دهۆك لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان، پێشکەش کرا. لە بارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، سیاسەتی نکۆڵی لێکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مەڕ پرسی نەتەوەیی و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرتن و ئیعدامی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و مانگرتنی زیندانیان سیاسیی کوردی زیندانی ورمێ چەند باسێك بوو کە لە لایەن نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەش کرا.

بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی، سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەر ڕەوشی کوردستانی ئێران و بارودۆخی کورد لەو بەشەی کوردستان خستە بەرباس و لە سەر هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات، بۆ هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و تێکۆشانی بەردەوامی ئەو حیزبە بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە سەر بنەمایەکی واقیعبینانە کە بتوانێ زمانحاڵی پرسی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێ، قسەی کرد. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك ڕاسپاردە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو خرایە بەر ڕوانگەی بەشدارانی کۆبوونەوە و کرا بە بەرنامەی کاریی کۆبوونەوەی داهاتووی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانە.

## دیداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆما جڤاکێن کوردستان

ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی K.C.K بە سەرپەرستیی «فەرحان ئامارا»، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی (K.C.K) لە هەرێمی کوردستان، سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیان، لە هەولێر کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی «تەیموور مستەفایی» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشوازیان لێکرا. تاوتوێکردنی دوا گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئەو پیلانە هەرێمیانەی کە لە پشت گرووپی تێرۆریستی داعشەوە بەرووڕووی گەلی کورد و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی بووەتەوە تەوەری باسەکان بوو. لەو پێوەندییەدا وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و Y.P.G لە بەرگری لە خەڵك و خاکی کوردستان و بەر پەرچدانەوەی پیلانی نەیاراندا توانی پێگە و کاریگەریی جووڵانەوەی دێموکراسیخوازی کوردستان لە شەڕی دژی تێرۆریزمدا بخاتە ڕۆژەڤی جیهانی و باندۆرێکی باشی لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد دروست بکات. لە سۆنگەی ئەو شرۆڤانە و هەستیار بوونی بارودۆخ و ڕووداوەکانی ناوچەکە، دوو لایەن هاوڕابوون کە پێویستی و زەروورەتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەموو کاتێك زیاتر خۆی دەنوێنێ و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بەدەر لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبێك یان پارچەیەکی کوردستان، بەڵکوو لە سەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی هەموو پارچەکانی کوردستان و بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەیی، هەموو هێز و لایەنێك لە ئاست بەرپرسایەتی خۆیاندا بە هاوفکری و هاوکاری زیاتری نێوانیان کۆسپەکانی بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵگرن و بەستێن و ژینگەیەکی لە باری سیاسیی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و بەرەو پێشبردنی جووڵانەوەی کوردستان پێك بێنن.

## ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگە لە ناوەندی ٣ی کوردستان، بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٨ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەروەها میوانان و ئەندامانی کۆمیتەکانی سۆران، هەولێر و جێژنیکانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمێك بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕیوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان کە لە لایەن کەماڵ خزری، ئەندام و بەرپرسی بەشی پەروەردەی ناوەندی ٣ی کوردستانەوە، خوێندرایەوە. پێشکەشکردنی سروودی «لە کوردستان، لە ناوەندی گڕ و هەستان» لەلایەن گرووپی موزیکی کۆمیتەی «هیوا»ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان ئێران، بەشی دیکەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی پێك هێنابوو. لە بڕگەیەکی دیکەدا، پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان، لە لایەن خالید پەیغامی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا. پەخشانێك لە لایەن، حیکمەت نەبیزادە، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە خوێندرایەوە. پاشان، سروودی «من پێشمەرگەی کوردستانم» لەلایەن کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانەوە لە ناوەندی ٣ی کوردستان، پێشکەش کرا. خەڵات کردنی چەندین کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان کە لە کاتی بەشداریی کردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕ دژی داعشدا، ئەرکی حیزبی و پێشمەرگایەتییان وەئەستۆ گرتبوو، بەشێکی دیکە لە ڕێوڕەسمەکەی پێکهێنابوو. ڕێوڕەسمی ڕۆژی پیشمەرگە لە ناوەندی ٣، بە شایی و گۆڤەند کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگە لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بەبەشداریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەروەها ئەندامانی کۆمیتەی قۆشتەپەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان ڕێوڕەسمێك بەڕیوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان کە لە لایەن موستەفا پیرانی»ـەوە، خوێندرایەوە. سروودی «من پێشمەرگەی کوردستانم» لە لایەن گرووپی موزیکی ناوەندی یەکی کوردستانەوە، پێشکەش کرا. لە بڕگەیەکی دیکەدا، پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان، لە لایەن بەهار ڕوستەمی، ئەندامی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە. پاشان گۆرانییەك، لە لایەن کۆڕی هونەریی ناوەندی یەکەی کوردستانەوە پێشکەش بە بەشداربوان کرا. پاشان، چەند شێعر و پەخشان لە لایەن «زریوە خاکی، ناسیح خاکی، مۆرتزا موراد وەیسی»ـوە پێشکەش کران. ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگە لە ناوەندی یەك، بە شایی و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێهات.

## لە سلێمانی شاندی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی کۆچی دوایی «سوارە قەڵادزەیی» بەشداری کرد

ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەد ساحێبی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی، لە ڕێوڕەسمی کۆچی دوایی شاعیری کورد، سوارە قەڵادزەیی بەشداریی کرد. هەر ئەو ڕۆژە، شاعیر، ئەدیب و نووسەری گەورەی کورد لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری شاعیری گەورەی کورد سوارە قەڵادزەیی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە وڵاتانی ئوورووپا و ئامریکا ڕێوڕەسمی «ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان» بەڕێوەچوو

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وڵاتانی ئامریکا، سوید، ئالمان و دانمارك ڕێوڕەسمێ تایبەتیان بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەشداریی ئەندامانی حیزب، کەسایەتیی سیاسیی و نوێنەرانی حیزبە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە بەڕێوە بردووە. ڕێوڕەسمەکان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکردوە. پاشان بە خێرهاتنی میوانەکان، پەیامی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتانە لە لایەن بەرپرسی کومیتەکانەوە پێشکەش کراوە. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانەدا پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی خوێندەراونەوە. هەروەها لە وڵاتی ئالمان سمینارێك بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەڕێزان «فەرەیدوون ئەرشەدی و موختار هووشمەند» لە دوو بواری جیاوازدا سەربارەت بە پێشمەرگەی کوردستان وتاریان پێشکەش کرد. هەروەها لە شاری «ئێسکیلستونا»ی سوێد، بەڕێزان مەلا محەممەد جوانڕۆیی ناسراوە بە «ئەبوو تارا» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شوعیی کوردستان و «ئیدریس ئەحمەدی» مامۆستای زانکۆ لە ستۆکهۆڵم، وتاریان پێشکەش کرد. لە نێوئاخنی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکاندا شیعر و پەخشانی پێوەندیدار بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز و سروودی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کراوەن.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە ژنێڤ، بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست، کارەکانی خۆی لەژێر ناوی «ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی» (چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریزم) بەقسەکانی میشل مولێر، سەرۆکی دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، ئانتونیوگوتیرس، کۆمیسێری باڵای UN بۆ کاروباری پەنابەران، جۆرج پاپاندرۆ، سەرۆکی ئینترناسیۆنال سوسیالیست و هەروەها لویس ئایالا، سکرتێری گشتیی ئینترناسیونال سوسیالیست، دەستی پێکرد. ڕەهەندی مرۆیی ژیانی کۆچبەری و دۆخی نالەباری پەنابەران، کارکردن بۆ بەدەست هێنانی دێموکراسی زیاتر و بە هێزکردنی بەڕێوەبردنی دێموکراسی، باسەکانی کۆبوونەوەی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیستیان پێك هێنابوو. لە بەشی «ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی» لە بارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باسی دۆخی کورد لە عێراق و سووریەدا کرا. لەم بەشەدا، بەشێك لە حیزبە کوردییەکانی بەشداربوو، قسەیان کرد و بارودۆخی کوردیان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان هێنایەبەر باس. لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسی، شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست، لە بەیاننامەکەیدا، جەختی لە سەر ئەوەکردەوە، کە شوورا پێداگری دەکات لە سەر بنکە و دامەزراوە دێموکراتیکەکان و پشتیوانییان لێ دەکات. لە ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیستدا، پرسی پلەی ئەندامەتی و پێداچوونەوە بە پرۆگرامی هەندێك لە حیزبە بەشداربووەکان، خرایە بەرباس. لە سەر داوای حیزبە کوردییەکانی بەشداربوو، بەیانیەیەك لە لایەن، شووڕای ئینرناسیۆنال سوسیالیستەوە، بۆ پشتیوانی لە مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد، پەسند کرا. بەیانیەی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە بارەی گەلی کورد بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێستای عێراق و سووریە، بە پێداگری لە سەر گرینگی دێموکراسی، جەخت لە سەر ئەوە کرابوویەوە کە دەوڵەتەکان دەبێ ڕێز لە مافەکانی گەلی کورد بگرن. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «باوە ئەلیاسی» لە شووڕای ئینترانسیۆنال سوسیالیست لە شاری ژنێڤ، بەشداریی کردبوو و لە پەراوێزی ئەم کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسی و نوێنەری حیزبە سیاسییەکانی بەشداربوو چاوپێکەوتنی پێك هێنا. باوە ئەلیاسی لە ڕۆژی یەکەمی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، وتارێکی پێشکەش کرد.

دەقی وتاری نوێنەری حیزبی دێموکرات لە شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست بەم چەشنە بوو:

بەرێز سەرۆکی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست

بەرێزان، بەشدارانی شووڕای ئینترناسیۆنال سوسیالیست

وەك هەموو لایەك ئاگادارین، ماوەیەکە گرووپی تیرۆریستیی داعش بووەتە هۆی هەڕەشە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نیگەرانییەکی زۆری لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دروست کردووە. ئەو هەڕەشانەی کە ئەم گرووپە دروستی کردوە، پێویستی بە هەڵوێستێکی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتییە و دەبێ هەموو هێزێکی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لە ناوبردنی ئەم گرووپە تیرۆریستیە وەگەڕ بخرێت.

بەڕێزان:

دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین، کە گرووپی تیرۆریستیی داعش تەنیا هەڕەشە و مەترسی بۆ ئاسایش و تەناهی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەم لە ڕابردوودا و هەمیش لە ئێستادا کە شەڕی دژی داعش دەستی پێکردووە، لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بە تایبەتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دەستێوەردانی گێچەڵکارانە دەکات و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران مەترسییەکی جیددی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە بێت. لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی ئێران، ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، هەر چەشنە داخوازیەکی ئاشتیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و کەمینە ئایینییەکان بۆ مافەکانیان، سەرکوت دەکات. ئێمەی گەلی کورد لە ئێراندا و هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران، زیاتر لە ٣٤ ساڵە، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، تووشی سیاسەتی سەرکوت، لە سێدارەدان و هەڵاواردن دەبینەوە. لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژی ناوکی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەداخەوە ئەوەیکە تێبینی دەکەین ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەو هەڕەشانەی کە ئێران بۆ ئاسایش و ئەمنیەتی جیهان و بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی دەکات، وەك پێویست وەرناگیردرێت.

لە کۆتاییدا، ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوەڕوانین کە ئینترناسیۆنال سوسیالیست، بە لە پێش گرتنی دەوری کاراتر، دەستپێشخەری زیاتر و دەربڕینی پشتیوانی بۆ نەتەوە و کەمینە هەڕەشە لێکراوەکانی ناوچەکە، ڕۆڵی خۆی زیاتر بنوێنێت.

## درێژەی سەروتار

هەمووی ڕێکخراوە خاوەن پێگە جەماوەرییەکان، ناوی بەرزی پێشمەرگەیان بۆ تێکۆشەرە سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان هەڵبژاردبوو. بە واتایەکی کوردانەتر، هەموویان هەر پێبەندی بڕیاری دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بوون.

دیاری کردنی ناوی پێشمەرگە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتەوە، بڕیارێکی تەنیا حیزبی نەبوو، بەڵکوو بڕیارێکی نیشتیمانی بوو کە لە ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحییەتی نیشتیمانیدا درابوو و ئەو بڕیارەش لە مێژووی نەتەوەی کورد دا جێی گرتەوە. دانانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەك ڕۆژی ڕێزگرتن لە فیداکاری و خۆڕاگریی پێشمەرگەش، هەر چەند بڕیارێکی حیزبی بوو، بەڵام ئامانجێکی تەواو نیشتیمانیی هەبوو و مەبەستیشی ڕێزگرتن لە هەموو پێشمەرگەی کوردستان بوو. بۆیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە دوژمنی مرۆڤایەتی، لە هەر کوێیەکی کوردستان هەبێ بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانن. ئێمە ئەو سەرکەوتنە وەك بەنرخترین دیاریی ڕۆژی پێشمەرگە چاو لێ دەکەین و ڕۆژی پێشمەرگە لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، کە هیوامان وایە ڕۆژێك لە چوارچێوەیەی سوپایەکی نیشتیمانیدا کۆ ببنەوە پیرۆز دەکەین.

## چالاکیی بەرینی تەبلیغی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی «پێشمەرگەی کوردستان»

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت، سی دی، پووستێری تایبەت، نووسینی دروشم، هەڵدانی ئالای کوردستان، لە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. ئەندامانی حیزب لە کاتێکدا ئەو چالاکییانەیان ئەنجام داوە کە دۆخێکی ئەمنیەتی بە سەر شارەکانی کوردستاندا زاڵ بووە. چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئاستی شارەکانی کوردستان ئەوەندە بەرین بووە کە دەست و پێوەندی و مەئموورانی ڕێژیم کەوتبوونە جموجۆڵەوە. لیرە دا بە هۆی زۆر بوونی شوێن و ناوچەکان تەنیا ئاماژە بە شارە کان دەکەین و بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکان سەردانی سایتی «کوردستان میدیا» بکەن. شارەکان بریتین لە:

کرماشان، سنە، ورمێ، مەهاباد، مەریوان، بۆکان، کامیاران، پیرانشار، هەوشار، پاوە، شنۆ، رەبەت، نەغەدە و بانە.

## دانیشتنی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەحمەد شەهید

ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، عەزیم ئەلیاسی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئوسلۆ پێتەختی نورویژ، لەگەڵ ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاری و باری مافی مرۆڤ لە ئێران چاوپێکەوتنی کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا نوێنەری حیزب و ئەحمەد شەهید، بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، بە تایبەت پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، بەلوچستان و خوزستان، مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کوردی زیندانی ناوەندیی ورمێ و ئەرکی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها باڵوێزخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوە و کاری چاوەدێری کردنی چالاکانی بواری سیاسیی و مەدەنی لەو بابەتانە بوون کە وتووێژیان لە سەر کرد.

## لە نۆدشە بە هۆی تەقەی هێزە ئینتزامییەکان ٤ هاووڵاتی بریندار بوون

لە ٥ کیلۆمیتریی شاری نۆدشە و لە شوێنێك بە ناوی «کەلوو چنارە» ماشینی هاووڵاتیەك لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە درایە بەر دەسترێژی گوللەی ڕاستەوخۆ کە لە ئەنجامدا دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «حەمید سەبزە»، تەمەن ٢٩ سالە، کوڕی محەممەد، و «مەتین کەریمی» تەمەن ٢٠ ساڵە، کوڕی محەممەد عەزیز، بریندار بوون. حەمید سەبزە بە هۆی قووڵیی برینەکەی بۆ نەخۆشخانە ڕاگوێزراوە. دوابەدوای تەقە کردن لەو ماشینە لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە، هاووڵاتییان لە گوندەکانی دەوروبەرەو لە شوێنی ڕووداوەکە کۆبوونەتەوە، کە دەستبەجێ لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە تەقەیان لێکراوە لە ئاکامدا دوو هاووڵاتیی کوردی دیکەش بریندار بوون.

## لە بلژیک نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان بەشداریی کرد

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، جەمیل فەتحی لە گەڵ خاتوو مۆنیك سمیتس لە سەر بانگهێشتی فەرمیی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتی ئوروپا لە بروکسێلی پێتەختی بلژیك، بەشدارییان لە ڕۆژی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان کرد. لەو مەڕاسمەدا نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارییان کردبوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی رەقیب» و هەڵکرانی ئاڵای کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەشداران لە سەر ئاڵای کوردستان و بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئەم ئالایە دوان. لەم پێوەندییەدا تیشك خرایە سەر ئەو بابەتە کە هەر نەتەوەیك لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا هێمایەك بۆ ناساندنی خۆی دیاری دەکات، ئەو هێمایە لە ڕەوتی مێژوودا دەبێت بە سەروەریی و بەرز ڕادەگیردرێت، گەلی کوردیش لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بوو بە خاوەنی ئەم هێما نەتەوەییە.

## بۆ پشتیوانی لە مانگرتوانی سیاسیی کورد خۆپیشاندانێک لە بەردەم پارلەمانی ئورووپا بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە مەبەستی پشتیوانی لە زیندانیانی مانگرتووی زیندانی ورمێ، بەدەستپێشخەریی ڕێکخراوی هاوبەشی کوردستانیان لە بلژیك کە لە چەند حیزبی سیاسی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتووە و بە بەشداریی کۆمەڵێك چالاکڤانی مەدەنی لە بلژیك، خۆپێشاندانێك لە بەردەم بنکەی پارلەمانی ئورووپا لە شاری بروکسێل بەڕێوەچوو. لە سەرەتای خۆپیشاندانەکە بەشداربوان لە سەر ئامانجی ئەم خۆپێشاندانە و بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد، بە کورتی قسەیان کرد. دواتر پەیامی ڕێکخراوی هاوبەشی کوردستانیان لە بلژیك و چالاکڤانانی مەدەنیی کورد لەم وڵاتە بە چەند زمان، خوێندارییەوە. پاشان، بەشداران بە وتنەوەی دروشم، پشتوانیی خۆیان لە زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانی ورمێ، دووپاتکردەوە و لە درێژەی خۆپێشاندانەکە، سەدان پەیامی چاپکراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرانسەوی و هۆلەندی لە نێو خەڵکدا دابەشکران. لە کۆتاییدا، سەرجەم ئەو نووسراوانە بە سێ زمان بۆ سەرۆکی پارلمانی ئورووپا بەرێکران.

## لە ناوچەی ژاوەرۆی سنەی هاووڵاتییەک دەستبەسەر کرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، «فەرشید دۆڵابی» کوڕی عەبدولخالق، خەڵکی «دۆڵاو»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، پاش دەستبەسەر کرانی لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ شوێنکی نادیار گوازراوەتەوە. فەرشید دۆڵابی بە هۆی چالاکی لە بواری مافی مرۆڤ لە لایەن ئیتلاعاتەوە خرابووە ژێر چاوەدێرییەوە، هەر بۆیە بە تۆمەتی «هەوڵدان دژی تەناهیی وڵات» دەستبەسەر کراوە.

## خۆپیشاندانی خوێندکارانی پەیمانگای کۆیە بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی مانگرتووی زیندانی ورمێ

ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ خوێندکارانی بەشی یاسا لە پەیمانگای تێکنیکیی شاری کۆیە لە کوردستانی باشوور، بۆ ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و دژایەتی کردن لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و هەروەها پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی کوردی زیندانی ناوەندیی ورمێ، بە دەستپێشخەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەر دەرگای پەیمانگای تێکنیکی کویە ڕێپێوانیان کرد.

## لە ئاڵمان ئەحمەد شەهید لەگەڵ کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی چاوپێکەوتنی کرد

ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەحمەد شەهید ڕێپورتیری ڕێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکان، لە سەردانێکی سێ ڕۆژەدا لە پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە زیندانیانی سیاسیی لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چاوی بە ژمارەیەك لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران و چالاکانی مافی مرۆڤ و سیاسیی لە شاری هامبورگی ئاڵمان کەوت. ئەحمەد شەهید لە ڕۆژی دووهەمی سەردانەکەیدا چاوی بە سێ چالاکی سیاسیی کورد کەوت کە پێشتر وەك زیندانی سیاسیی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا بەند کرابوون. ئەو سێ چالاکە کوردە، لەو دیدارەدا لە گەڵ ئەحمەد شەهید بە وردی باسی دۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسیی کورد و بە تایبەت شێوازی ئازار و ئەشکەنجەدانی زیندانیان لە نێو زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان کرد و ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی سەلمێنەریان تایبەت بە زیندانیانی سیاسیی، ڕادەستی ئەحمەد شەهید کرد.

## لە سنە باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی حاجی «فەرەج مینبەری» باوکی شەهید «فەخرەدین مینبەری» بە هۆی پیری و نەخۆشی لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. حاجی فەرەج لە گۆڕستانی «بەهەشتی محەممەدی سنە» بە وتنەوەی سروودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. حاجی فەرەج لە ماوەی تەمەنیدا چەندین جار لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر و ئەشکەنجە کرابوو. شەهید فەخرەدین کادری دەرمانیی حیزبی دێموکرات بوو و ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لەهاوسەنگەران و حیزبەکەی کرد و تێکەڵ بەکاروانی شەهیدان بوو. حاجی فەرەج دوای شەهید بوونی کوڕەکەی بو ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ نەگەرایەوە زێدەکەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی حاجی فەرەج مینبەری و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە نەغەدە باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩ی هەتاوی، مەولوود عەرەب باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، ماڵاوایی لە ژیان کرد. مەولوود عەرەب کەسێکی نیشتمان پەروەر و وەفادار بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکانی و خاوەن ڕێز و حورمەتێکی تایبەت لە ناوچەی مەمەلیان بوو. تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە لە مەمەلیان بە خاك سپێردرا. شەهید محەممەد عەرەب لە مەمەلیانی سەر بە ناوچەی نەغەدە لە دایك بووە، ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی هێزەکانی ڕێژیم لە مەمەلیان پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو و گڵکۆی شەهید محەممەد عەرەب لە مەمەلیانە. شەهید ڕەسوول عەرەب لە دایك بووی گوندی مەمەلیان سەر بە ناوچەی نەغەدە بوو، ناوبراو لە ڕێکەوتی ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە گەرگوول پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاك مەولوود و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە ورمێ دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، خانگوڵ عومەرزادە دایکی شەهید «بەختیار سەرگوردان»، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی گوندی پیرانجۆق سەر بە ناوچەی ورمێ بە هۆی نەخۆشی لە تەمەن ٦٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. خانگوڵ عومەرزادە لە نێو ئاپۆڕای خەڵك، دۆستان و ئاشنایان لە ورمێ بە خاك سپێردرا. شەهید بەختیار سەرگوردان ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری سەڵماس لە دایك بوو و ناوبراو پاش پێوەست بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٧٤ی هەتاوی لە «جێژنیکان» پەیوەست بە ڕیزی کاروانی شەهیدان بوو. هەروەها، برایەکی خاتوو خانگوڵ بە ناوی عەلائەدین عومەرزادە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری خاتوو خانگوڵ عومەرزادە دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە شنۆ باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، «ڕەشید تەهاپوور» باوکی شەهید «ڕەحمان تەهاپوور» لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ڕەشید تەهاپوور خاوەن کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، دڵسۆز و خۆشەویستی ناوچەی شنۆ و دەوروبەری بوو. ڕەشید تەهاپوور لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی شنۆ و دۆستان و ئاشنایانی لە گۆڕستانی شنۆ بە خاك سپێردرا. شەهید ڕەحمان تەهاپوور لە سالی ١٣٤٣ لە گوندی سۆفیان لە دایك بوو و لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، چووتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە شەڕ بە دژی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری ورمێ لە شەڕێکی قارەمانانەدا پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو. گڵکۆی شەهید ڕەحمان تەهاپوور ئێستاش بێسەر و شوێنە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی ڕەشید تەهاپوور و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە هەوشار باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی «عەلی نەساج» باوکی شەهید «ئیسماعیل نەساج» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی گوندی «مەمەر»ی سەر بە ناوچەی «هەوشار» بە هۆی نەخوشی کوچی دوایی کرد. شەهید ئیسماعیل نەساج هاوینی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە شەڕ بە دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە گوندی «کوڵتەپەی جاهانگیرخان» لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دیل گیرا و پاش ٧ مانگ ئەزیەت و ئەشکەنجە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری تیکاب ئیعدام کرا و پەیوەست بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو. گڵکۆی شەهید ئیسماعیل نەساج ئێستاش بێ سەر و شوێنە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاك عەلی و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە سەقز ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، «مەسعوود عالەمی» کوڕی «عومەر» خەڵکی «ساڵحاوای» سەقز لە شوێنێك بە ناوی «قەڵاچۆخە» بە هۆی ڕووداوی هاتووچوو گیانی لە دەست دا. مەسعوود عالەمی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و دوای گەڕانەوە بۆ زێدەکەی بە ١٠ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو مەحکووم کرابوو. ناوبراو خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵ بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری «مەسعوود عالەمی»، ئەندامی چالاکی حیزب دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# پەیامی بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری
# ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان




خوشك و برایانی هێژا!

میوانە بەڕێزەکان و هاوڕێیانی پێشمەرگە!

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو لایەك پیرۆز بێ. لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بنکەی غەدر و داگیرکەری لە کوردستانی ئازاد بە دەستی کوڕانی وڵات لەبەین براوئاڵای کوردستان هەڵکرا. ئەو ڕۆژەمەزنە ٢ی ڕێبەندانی بە دوای خۆیدا هێناو کۆماری کۆردستانی دامەزراند و ناوی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار بۆ جەنگاوەرانی کورد تۆمار کراو کوردستان بوو بە خاوەنی هێزێکی خۆنەویستی دابینکەری ئاسایشی خەڵك. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٣دا حیزبی دێموکرات ئەوی ڕۆژەی وەك ڕۆژی پێشمەرگە پەسەند کرد.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە، چەکی ڕەوایی خەبات و خۆڕاگری، هەورەبرووسکەی گڕبەردەر لە خەرمانی دوژمنانی ئازادی و ڕۆڵەی بەهەڵوێست و خاوەن شەرەف و کەرامەتی نەتەوەی کوردە.

پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەو ڕۆڵە چاونەترس و بەبیروباوەڕ و وریا و چاوکراوانەی کوردستانن کە لە پێناوی بەختەوەری و ئاسوودەیی نەتەوەکەیاندا، لەپێناوی بیری داهاتووی گەش و پرشنگدار بۆ نیشتمان و خەڵکی وڵاتی پیرۆزی کوردستان داگرانبەهاترین سەرمایەی ژیانیان بەسەخاوەت و شەرافەتەوە دەخەنە سەر دەست و پێشکەشی بارەگای ئازادیی نەتەوە و نیشتمانی دەکەن.

کچان و کوڕانی لێوان لێو لە ئیرادەی ئازادیخوازانە و کۆڵنەدەرانە، کۆتوبەندی کۆیلەیی داگیرکەران و دەسەڵاتدارانی ئەهریمەنیی نیشتەجێی جەماوەران قبووڵ ناکەن و بەبیر و هزری ئازادیخوازانەیان و بە هەڵوێست و کردەوەی شۆڕشگێرانەیان، بەند بە بەند و خشت بە خشتی تەلاری ستەمکاری بنکۆڵدەکەن، وەك تۆفانێ ئیرادە و مرۆڤدۆستی، بەسەر کۆشکی تاوانکاران و تاڵانکەراندا دەڕووخێن و لە جێی تاوان و ستەم، داری پڕبەرهەمی ئازادی دەڕوێنن و لە سەر خاکی ئازاد و پیرۆزی کوردستان، داهاتوویەکی گەش و دادپەروەرانە و بەختەوەرانە بۆ هەموو مرۆڤەکانی نیشتەجێی کوردستان بە بێ جیاوازی بونیات دەنێن.

پێشمەرگەی کوردستان لە نێو دەسەڵاتی نیشتمانی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستان لە دایك بوو بەدرێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو بە گژ ستەم و چەوسانەوە و هروژمی تاریکبیراندا چووەوە و ناو ناوبانگی بەرز و پیرۆزی بەگوێی جیهاندا گەیاندووە.

ئەمڕۆ، شەقام و کۆڵان و دوکان و بازاڕ و کارگە و مەزرا و باخ و شاخ و قوتابخانە و زانکۆ و هەموو بنکەیەکی ئیداریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ...هتد لە کوردستانی ئێراندا دەتوانێ سەنگەرێکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بێ، چوونکە ناو و ڕێگا و ڕێبازی پێشمەرگایەتیی کوردستان بە قەد بستەبستی کوردستان و بە ئەندازەی دڵی هەموو کچان وکوڕانی کوردستان گەشەی سەندووە و هەرتاکێکی کوردستان لە شوێنێ ژیان و کاری خۆی دەتوانێ بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بە هزر و ویستی ئازادیخوازانەی، دەستبداتە هەڵوێستی پێشمەرگانە و هەموو پانتایی کوردستانی نیشتمان، بۆ داگیرکەران و بەکرێگیراوانی جەماران بکاتە دۆزەخ و ئاگرباران.

بەشدارانی بەڕێز:

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەم بە دژی ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتی شەڕی کردوە و هەم بە چەندین ساڵە دژی ڕێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی خەبات و تێکۆشان دەکا و لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان دیفاعی لە مان و کەرامەتی نەتەوەیی و مرۆیی کردوە و بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیم، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێی هیوای خەڵکە و ئەوە ڕێژیمە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بێ ئیعتبارتر دەبێ.

دۆخی ئێستای ڕێژیم:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو لە سەرکوت و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆیی لە ئێراندا بەردەوام بووە و بێوچان خەریکی تاڵانی سەرمایە و سامانی ئەم وڵاتە بووە، لە دەرەوە و لە ناوچەکەشدا لەدەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی نەوەستاوە و سەرچاوەیەکی تیرۆریسم و پاڵپشتی سەرەکیی گرووپە تیرۆریستیەکانیان بووە.

هەرچەند کە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە بەردەوام بە ترس و تۆقاندن و چاوسوورکردنەوە و ئێعدام کردنی خەڵکی ئێران و ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران، ویستوویەتی سیما و ڕواڵەتی ڕێژیمێکی یەکدەست و سەقامگرتوو و دەسەڵاتێکی هەتاهەتایی خۆی نیشان بدا و بە وەڕێخستنی کار و تیرۆر و کوشتار و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان و ترس و وەحشەت لە نێو دڵی خەڵك درووست بکا و هەمووکەس لە کردار و هەڵوێست وەرگرتن و ئازادبیرکردنەوە پاشگەز بکاتەوە، بەڵام لە قۆناخ و بڕگە جیاوازەکاندا ناوەڕۆکی پووشاڵیی ڕێژیم ئاشکرا بووە و دەرکەوتوە کە بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی، نەك ڕێژیمێکی یەك دەست نییە و خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ پڕۆسە چارەنووسسازەکان نییە، بەڵکوو لەوپەڕی دژبەریدا، باندە تاڵانکەرەکانی نێو ڕێژیم هەوڵی لەنێوبردنی یەکتر دەدەن و هەرکامەیان هەوڵدەدەن کە بەشێکی زیاتر لە سامانی ئەم وڵاتە تاڵان بکەن و لە سەر ئەو دەسەڵاتە نگریسە و لەپێناوی دزی و گەندەڵیی هەرچێ زیاتر دەبێتە شەڕیان و لە بڕگە چارەنوسسازەکان بۆ ڕێژیم، بڕیاریان بۆ نادرێ و تێدا دەمێننەوە.

دوایین نموونەی ئەو دەسەپاچە و سەرلێشیواویەیان لە دانیشتنەکانی ئەمدواییەی و تویژی ناوکی لەگەڵ گرووپی پێنج زێدە یەك دەرکەوت.

دوای یەکساڵ لە ڕێککەوتنی کاتی و ئیمتیازدانی زۆری کۆماری ئیسلامی و جۆرێك لە تەسلیم بوونیان لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا، لە دوایین مۆڵەتیان بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی کەدەبوا لە٣ی سەرماوەزی ئەمساڵدا ئەنجامیان بدایە، لە بەر چەند هۆ نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن:

یەکەم:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە وەزعی ئاڵۆزی ناوچەکە دەستی خۆیشی تێدایە بۆ هەرچێ ئاڵۆزترکردنی، بە تایبەت لە پەیدابوونی دیاردەی داعش دەیەوێ کەڵك وەربگرێ و بە ڕاگرتنی کارتی وتووێژی ناوکی، جارێ بۆ ماوەیەك بە کارتی ئاڵۆزیی ناوچەکە کایە بکا بەڵکوو بە ترساندنی ڕۆژئاوا لە خراپیی باری ئەمنیەت و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بتوانێ ئیمتیازی زۆرتر لە ڕۆژئاوا وەربگرێ، بەڵام ئەو کارتە، زیاتر لە هەمووان، خودی ڕێژیم لە زەلکاوی ئاڵۆزیی ناوچەکە ڕۆ دەبا و دژبەریی هەرچی زیاتری خەڵکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خۆی دەکڕێ.

دووهەم: باندە جیاوازەکانی نێو ڕێژیم، شەر و پێکدا هەڵپڕژانیان گەیشتۆتە لووتکەی خۆی و چەندین باند و مافیای گەورە و چەندین ڕدوباندیان تێدایە و هەر کامەیان لە پرس وئاڵۆزی و کێشەکاندا بەرژەوەندیی تاڵانکەرانەی جیاوازیان هەیە و بەتایبەت لە پرسی ناوکیدا، هەم باندی وایان هەیە کە بەتوندی پیداگەری لە سەر ئاڵۆزکردنی پرسەکە دەکا و هەم باندی واشتیان تێدایە کە لە گەمارۆکاندا بە میلیارد دۆلار قازانجی شت و مەکی قاچاخیان هەبووە و هەیە و نایانەوێ ئەو قازانجە لەکیسی خۆیان بدەن.

لەو نێوەدا ڕێبەری ڕێژیمەکەیان کە پێشتر بە قسەی خۆیان دەیانگوت کە قسەی یەکەم و کۆتایی هەر ئەو دەیکا، ئێستا خۆی بەرژەوەندیی تاڵانکەرانەی لەگەڵ هەندێك لە باندەکان هەیە و چیدیکە ناتوانێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بدا و زۆر کێشە و ئاڵۆزیی بچووکتریان هەبووە و نەیتوانیوە چارەسەری بکا و تێدا ماوەتەوە و بە گوێیان نەکردوە، ئێستا لە پرسی چارەنووسسازی ناوکیدا، شەهامەت و جورئەتی بڕیاردانی نییە و بە کورتی و کوردیەکەی، لە زەلکاوی دەسکردی خۆیدا چەقیوە و دەرناچێ.

هەربۆیە و بەم هۆکارانە، ڕێژیمی ئیسلامی لە پرسی ناوکیدا بەدوای کات کڕینەوەیە و بە دڵنیایەوە کات بەزەرەری ڕێژیم دەچێتە پێش.

لە لایەکی دیکە خەبات بۆ ئازادیو ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆران و ملهوڕان هەر بەردەوامە. خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا کە ڕێژیم پێی وابوو دەتوانێ بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ. بەڵام گەلی کورد زۆر بە ئاگاهییەوە ئەو خۆپیشاندانانەی خۆیان کردە دژی دوژمنانی گەلی کورد بە هەر ڕەنگ و شێوەیەکەوە بێ. دروشمی بژی کورد بژی کوردستان، بمرێ دیکتاتۆر. لە هەر شارێکی کوردستان دورشمیان دەدا «لێرە هەتا کوبانێ هەر کوردستانە»و بژی ئازادی. ئەم دروشمانە ڕێژیمیان وە ترسو لەرز خستو ئیتر ئیجازەی نەدا کە گەلی کورد بە شێوەی زۆر سەردەمیانەو مۆدێرن لە پێناوی داخوازیی ئازادی و سەربەستیی نەتەوەییدا خۆ نیشان بدەن. تەنانەت ڕێژیم لەو ڕۆژەی کە دیاری کرابوو لەوەی کە خەڵك جلی کوردی لەبەر بکا تۆقیبوو. ئیجازەی نەدا خەڵك تەنانەت جلی کوردیش لەو شوێنانەی کە دیاری کرابوو لەبەر بکەن و لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

نزیك بە چەند حەوتوویەکە زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانی ورمێ بە نیشانەی ئیعتراز بەوەی کە ئەوانیان لەگەڵ زیندانیانی بەندەکانی دیکە تێکەڵ کردووە مانیان لە خواردن گرتووە. زیندانیانی سیاسی کورد خوازیاری جیاکردنەوەی خۆیان لە زیندانییەکانی بەندەکانی دیکەن، بەڵام ڕێژیم بە عەمد داخوازیی ئەوانی قبووڵ نەکردووە و هەتا ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتدارانی شاری ورمێ و زیندانی ورمێوە وڵامیان نەدراوەتەوە و لە چارەنوسی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕانە هەواڵێك لەبەردەستدا نییە.

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لەو کارە شۆڕشگێڕانەی زیندانیانی سیاسی دەکەین و داوا لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەین کە گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تاکوو وڵامی زیندانییە سیاسیەکان بدەنەوەو لە مردن ڕزگاریان بکەن.

بەڵام ڕێژیم لەوە غافڵە کە پێش بە ویست و خواستی خەڵك ناگیرێت، ڕۆژێك دەبێتە بورکانو بەسەر دارو نەداری ئەو ڕێژیمەدا دەڕژێت و بە تەواوی لە ناوی دەبات.

شۆڕش و بەرخودانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە داخوازیەکانی خۆیان نزیکتر دەبنەوە.

لە کوردستانی باکوور پاش چەندین ساڵ خەباتی بێوچان، ئێستاش ئاسۆیەکی ڕوون بۆ هەردوو لایەنی حکوومەت و مافویستان بەدی دەکرێ کە بتوانن لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەرییەك بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیەدا پەیدا بکەن. دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە نێوان قەندیلو ئیمراڵی و ئانکارادا خەریکە بەڕێوە بچێ. ئەو ڕەوتە ئەگەر چی لەگەڵ هەندێك کۆسپ و تەگەرە بەرەوڕوو دەبێ بەڵام ئۆمیدوارین کە هەردوو لا بتوانن بەسەر هەموو کۆسپەکان و تێکدەراندا زاڵ بن و ڕێگای دیالۆگ بگرنە بەر و

درێژەی لە لاپەڕە ٥



# گەندەڵی لە سیستمی ئیداری – ماڵی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا




**کانیاو**

هەواڵی گەندەڵیی ئیداری - ماڵیی ١٢ هەزار میلیارد تمەنی، کاتێك ئاشکرابوو کە وەزیری ئابووریی و سەرۆکی بانکی ناوەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی، باسیان لە گەندەڵییەکی ١٢ هەزار میلیارد تمەنی لە سیستمی بانکیدا کرد. ناوبراوان لە ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاویدا لە دەنگ و ڕەنگی کانالی یەکی ڕێژیمدا دانیان پێدانا،کە کۆمەڵێك بەرپرس وکاربەدەستی دام ودەزگای دەوڵەتی ڕێژیمی ئێران لە چوارچێوەی کومپانیای «کاغەز» کە هەر لە بنەڕتدا بوونی نەبووە ، ئەم دزیەیان کردوەو. هەروەها باسی ئەوەیان کرد کە ئەو کومپانیا بێ ناو نێشانە، بڕی ١٢٠ملیارد تمەن بەرتیلی بە ڕێکخراوی کار و باری باج داوە تا ئەو گەندەڵییە ئاشکرا نەبێت. لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم دزی و گەندەڵییە لە سیستمی ئیداری – ماڵی، نە یەکەم جارە و نە ئاخر جاریش دەبێ، چونکە سیستمی بەڕێوەبردنی کار و باری ئیدارات و دامەزاوە دوڵەتییەکان لە لایەن کەسانی شارەزاو و کارامە، بەرنامەڕێژی زانستی و عەقڵانی بۆ نەکراوە و لە هەموو گرینگتر دەوڵەتێکی وەڵامدەر بوونی نییە، هەر بۆیە گەندەڵی بە شێوەی سیستماتیك لە وەزارتخانەکان، ئیداراتی دەوڵەتی، بانکەکان و دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، هەبووە و هەیە. لە هەموو گرینگتر چونکە مۆرەکانی کارگێڕی کەڵان لە دەزگاکانی دادوەری، یاسادانان و بەڕێوەبەری ڕێژیمی ئێراندا لە نێوان دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە قورغکراوە، بۆ خۆیان دەستیان لە گەندەڵییەکاندا هەیە. گەندەڵی ئیداری و ماڵی دیاردەیەکی بەختەکی نیە، بەڵکوو بنەما و سەرچاوەی ئەو، بێ مشووری و کەڵك وەرگری دزێو لە بەڕێوەبەریی کەڵانی وڵاتە. دیارە لە سێبەری سیستمێکی دیکتاتۆری و ئیدئۆلۆژیکی وەك «کۆماری ئیسلامی» پارامێترەکانی بەڕێوەبەری وەزارتخانەکان و ڕێکخراوی ئیداری وڵات بە گشتیی بە شێوەیەکی ستاندارد و لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەرنامە و گەڵاڵە داڕێژی بۆ ناکرێت، بەڵکوو خراونە هێندێ چوارچێوەی بیر و بۆچوونی دواکەوتووانە لە بازنەیەکی داخراوی چەند سەد کەسیدایە، ئەگەری تیکەڵ بوون بە گەندەڵی ئیداری زۆر لە سەرییە، هەر بۆیە هیچ گەڵاڵەیەك و بەرنامەی بەڕێوەبەری باڵا لە چوار چێوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوتوو نەبووە. لە لایەکی دیکەوە هاوکاری نەکردن و نەبوونی پێوەندی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی وەك بانکی جیهانی و سندووقی نەتەوەیی پووڵ ، هەروەها گەمارۆی ئابووری بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و کەمی بودجەی ساڵانە لە گیر و گرفتەکانی سیستمی بەڕێوەبەری ئیداری و ماڵی ڕێژیمی ئێرانە. هەر بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران خۆیان دانیان پێدا ناوە کە زۆربەی گەڵاڵەکانی کەلانی کارگێڕی باڵا بە هۆی تێوەگڵان بە گەندەڵی ئیداری شکستی خواردووە، یان بۆیان جێبەجێ نەکراوە. لە ئاکامدا کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم بە هۆی، گەندەڵی ئیداری و ماڵی، نەیانتوانیوە گرێ کوێرەکانی گەندەڵی ئیدارات و دامەزراوەکانی حکوومەتی و نا حوکمی بکەنەوە. لە ئێرانی ئەوڕۆدا کەسانی سەربازی لە سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات، کەسانی نزیك لە بەیتی ڕێبەری و دەوڵەت و بە تایبەت ئاغازادەکانی مەلاکانی قوم، خاوەنی دەیان کومپانیا و دەیان ملیارد دولار سەرمایە گوزاری لە دەرەوە و نێوخۆی ئێرانن کە بە هیچ شوێنێك وەڵامدەر نین. سپای پاسداران و دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران دەستیان بە سەر زۆربەی بنیاتە ماڵی و ئابوورییەکان، ناوەندەکانی هەنارده و ئاودیوکردن، سەنعەتی نەوت، ڕێگا و بان، سەد سازی، میدیا و ڕاگەیاندنی میللی و پرۆژە ئابووری و فەرهەنگییەکان لە دەرەوەی وڵاتی ئێراندا گرتووە. هەر بۆیە لە ئەوڕۆی ئێراندا سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات گەورەترین دامەزراوەکانی ماڵی و پوولییان لە دەست دایە. هەروەها لە ئیداراتی دەوڵەتی و بە تایبەت لە سیستمی بانکی ئێراندا بەرتێلخوری،دزی، گەندەڵی، شێوەی هەڵە لە دان و کار پێکردنی دەستە چەك، سوڕانی پوول بە شێوەی نایاسایی و دانی وامی کەڵان بێ گارانتی بە دەست و پێوەندە نزیکەکانی ڕێژیم، بەو پەڕی خۆی گەیشتووە. هەر لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی ڕوونبێژیی نێودەوڵەتی ڕایگەیاندووە کە ئێران لە ڕووی بەرتیلخۆری، گەندەڵیی و دزی لە نیوان وڵاتانی جیهاندا لە پلەی ١٧٤ی دایە. هەر لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ئێران ئێستاش یەکێك لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە. گەندەڵی ئیداری و ماڵی لە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ڕێژیمدا، کاریگەری لە سەر، چوونە سەری قیمەتی کاڵا و خەدەمات، داخران و مایەپووچی کارخانە و کارگاکان، نەبوونی کێبەرکێیەکی سالم لە بازار،دواکەوتووی کەرتی تایبەت، بێکارکردنی هێزی مرۆیی، ئاوسانی سەرسوڕهێنەر هەیە. هەر بۆیە ئەمڕۆ خەڵکی ئێران بینەری چوونەسەر سەرسووڕهێنەری قیمەتی کەلوپەلی خۆراك و خواردنەوە و چەند قات بوون قیمەتی نان، گاز، بەرق، تەلەفون و بەشێکی دیکە لە پێداویستییەکانی ژیانن کە ژیانی لە خەڵکی هەژار و نەدار تاڵ کردووە. لە ئێرانی ئێستادا زیاتر لە ٪٤٠ خەڵك لە ژێر هێڵی هەژاریدان و بەشێکیان هیچ داهاتێکیان نیە. پەرەگرتنی دیاردە نالەبار و نەگونجاوی کۆمەڵایەتی ، تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان، هەڵوەشانەوەی هاوسەری، لەشفرۆشی ژنان، مندالانی سەرشەقام، مەجبوراوای قەراغ شارەکان، بێبەش بوونی هەزاران منداڵ و مێرمنداڵی نەتەوەکانی ئێران بە هۆی هەژاری و دەستکورتییەوە لە خوێندن، بەرهەمی سیاسەتی نادروستی سیستمی بەڕێوەبەری کەلانی ئیداری وڵاتە.

دزی و تاڵان و گەندەڵی لە سیستمی نادێموکراتیکی بەڕێوەبەری کەڵان، بەردەوام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، لەباتی ئەوەیکە بژێو و داهاتی سەرانەی خەڵك بەرز کەنەوە، لە فیکری دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی نەتەوەییدان. هەر بۆیە لە سیستمی بەڕێوەبەری ئیداری کەڵانی وڵات، زۆرترین قازانج و بەرژەوەندیی پوڵی و ماڵی بە کەسانی نزیك لە دەسەڵات دەگات، کە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی وەکوو زێرك خوێنی خەڵك و سەروەت و سامانی نەتەوەیی دەمژن. لە چوارچێوەی ڕێ□ژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ ئەوەی پێش بە گەندەڵیی سیستمی ئیداری و ماڵی لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بگیردرێ، چونکە گەندەڵی کارگێڕی لە ڕێژیمدا لە ژێر کاریگەری دوو جۆری گەندەڵی دیکە واتا گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی هەڵبژاردندایە. هەر بۆیە سیستمی کەڵانی بەڕێوەبەری دام و دەزگا دەوڵەتییەکان بە هۆی تێوەگڵان لە گەندەڵی توانای کۆنتڕۆڵ و چاودێریی،وزارەتخانەکان، بانکەکان و دامەزراوەکانی ئیداری - ماڵی نییە. هەوەها چونکە گەندەڵی لە ڕێژیمی ئێراندا سیستماتیکە، ئەو دام ودەزگایانی، وەك: دەزگای دادوەری، هێزی ئینتزامی، مەجلیس شوورای ئیسلامی و ڕێکخراوەی بازرەسی گشتیی وڵات کە بەرپرسایەتیی خەبات بە دژی گەندەڵین، خۆیان لیوانلێو لە گەندەڵین. بەستینەکانی «ڕانت خواری» و گەندەڵی ئیداری و ئابووری لە ڕێژیمی ئێراندا لە لێکەوتەکانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامییە. هەر بۆیە بێ گۆڕانی پێکهاتەی سیاسی ئێران، خەباتی جیددی و شێلگیر بە دژی گەندەڵی ئیداری - ماڵی ناموومکینە. تەنیا ڕێگاچارە بۆ دەرباز بوون لە گەندەڵی ئیداری و ماڵی، بە دامەزراندنی سیستمێکی فیدەراڵ و دێموکراتیك لە ئێراندایە تا یاسا و پرنسیپەکانی دێموکراسی ببنە سەرچاوەی بڕیاردان، تا سەروەت و سامانی نەتەوەیی بۆ هەمو نەتەوەکانی ئێران بێ، نەك بۆ دەستە و تاقمێکی دیاریکراو.

## له ئیداراتی دەوڵەتی و بە تایبەت لە سیستمی بانکی ئێراندا بەرتێلخوری، دزی، گەندەڵی، شێوەی هەڵە لە دان و کار پێکردنی دەستە چەک، سوڕانی پوول بە شێوەی نایاسایی و دانی وامی کەڵان بێ گارانتی بە دەست و پێوەندە نزیکەکانی ڕێژیم، بەوپەڕی خۆی گەیشتووە

درێژەی لاپەڕە ٤

مەسەلەی کورد لەو بەشەی نیشتماندا بە ئاقارێکی باش و درووستدا ببەنە پێش و کورد بە مافە نەتەوایەتییەکانی شاد بێ.

لە ڕۆژئاوای کوردستان دوای ماوەیەکی زۆر لە لەیەك دابڕان و لە یەکتر دووربوون و تەنانەت نەیار بوون ئێستا ئاسۆیەکی ڕوون و گەشی تێدا بەدی دەکرێ و لەو بەهەڤ گەیشتنەی کە لە ژێر چاوەدێری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دهۆکدا پێك هات لە پرش‌وبڵاوی ڕزگار بوون. ئێستا ئیدی لە شەڕایەتی شەڕو کێشە لە وڵاتی سووریە مەسەلەی کورد وەك نەتەوەیەك لەو وڵاتەدا بەرچاو بگیرێو کورد بە مافەکانی خۆی بگا.

لە باشووری وڵاتیش پاش تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە ماڵییە و شەڕی داعش و ناکۆکیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، هێدی هێدی مەسەلەکان بەرەو چارەسەری دەچن و هێزی پێشمەرگە توانی پێش بە هێرشی هەمەلایەنەی داعش بگرێت و بە هاتنە ناوەوەی هێزە نێونەتەوەییەکان باڵانسی هێز لەو بەشەی وڵات بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پاشەکشە بە تیرۆریستانی داعش بکەن و لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیش توانیان بە ڕێککەوتنی زمنی بگەن و بەسەر ئەو قەیرانە ماڵییەی کە بەسەریاندا سەپاندبوون زاڵ بن.

بەشدارانی خۆشەویست!

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

لە ٢٦ی سەرماوەزدا هیوادارین کە کورد لە وڵاتی خۆیدا بە ئازادی و سەربەستی شاد بێت، بە هیوای ئەوەین کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش بڕۆین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەموو لایەنێك بە هەستی بەرپرسیارەتی خۆیەوە هەستێ. بە هێزی یەکگرتوویی و هەڤگرتن دەتوانین هێز و ئێنێرژی کورد بەسەر یەك خەین و خەباتی هەمە لایەنە بەرەو پێش بەرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادەی هاوکاری و یەکدەنگیو یەکڕەنگیی ناوماڵی کوردە و ئامادەیی تەواوی هەیە وەك هەموو جارێ کە ڕامانگەیاندووە. هیوادارین ناوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات بە هەموو ڕەنگو بیرو هزرێکی خۆیەوە یەکگرتووتر بێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی کوردستان و هەموو ئەوینداران و ئۆگرانی ڕێباز و بەرخودانی پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگەکان و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەکەین.

هەر بستێکی خاکی کوردستان دەکرێ سەنگەرێکی پێشمەرگەی کوردستان دژ بە ستەمکاران بێت.

سەرکەوتن بۆ گەل و ڕێبازی ئازادیخوازانە

نەمان بۆ دوژمنان و بەتایبەت دوژمنی سەرەکیی کورد، کۆماری ئیسلامیی ئێران

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی
١٧ی دیسامبری ٢٠١٤ی زایینی
زۆر سپاس

---

**ڕۆژەڤ**

## وزە ئێستایش چەرخی جیۆپۆلتیک دەسووڕێنێ

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

ماڵپەڕی «نیۆیۆرك تایمز» لە بەشی «باس»ی ئەمجارەیدا، پرسێکی گرینگی وروژاندووە، پرسی دابەزینی نرخی نەوت و لێکەوتەکانی. لەم پێوەندییەدا چەندین وتاری سەرنجڕاکێشی بە قەڵەمی کارناسانی ئەم بوارە بڵاو کردووەتەوە کە هەر کامیان ڕەهەندێکی پرسەکەیان تاوتوێ کردووە. ئێمە یەکێك لە وتارەکان بە ناوی «وزە ئێستایش چەرخی جیۆپۆلتیك دەسووڕێنێ« بە قەڵەمی «مۆیسێس نەیم»مان بۆ ستوونەکەمان هەڵبژارد. شایانی باسە نوورسەری وتارەکە، کارمەندێکی بەرجەستەی دامەزراوەی توانایی کارنگی بۆ ئاشتیی نێونەتەوەییە.

لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: «جیهان خەریکە دەگاتە ئەو بڕوایە کە دابەزینی زۆر و بە تەواوی چاوەڕواننەکراوی نرخی نەوتی خاو ڕەنگە ئەوەندەی شۆکی بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی نەوت لە ١٩٧٤دا کێشەخوڵقێن بێت.»

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «هەواڵەکانی ئەمدواییانەی رووسیە، ڤێنێزۆئێلا و کووبا نیشانی دەدەن کە چۆن لێکەوتەکان خەریکن خۆ دەنوێنن.

لە ڤێنێزۆئێلا، کاتێك نەوت بەرمیلی ١٢٠ دۆلار بوو، ئابووری ناڕوون بوو، هەر کە نرخەکان بەرەو کەمتر لە ٦٠ دۆلار دابەزین، ئەو دەوڵەتەی کە بە گەندەڵییە بەربەرینەکەی و بەڕێوبەرییە خراپەکەی دەناسرێتەوە، لە کونتڕۆڵ دەرچوو. دیسانیش، سەرکۆمار نیکۆلاس مادوورۆ بە بەردەوامی بانگەشەی کرد کە ئەم بارودۆخە خراپە پیلانێکی نێونەتەوەیی لەپشتە و بۆیە رۆژ بە رۆژ زیاتر هێرش دەکاتە سەر ڕەخنەگرانی و سیاسەتڤانە بەرهەڵستکارەکانی سەرکوت دەکات. دارمانی ئابووریی ڤێنێزۆئێلا فاکتۆرێکی گرینگ بوو بۆ گۆڕانکاریی مێژوویی پەیوەندییەکانی ئەمریکا ـ کووبا کە رۆژی ١٧ی دێسەمبر لە لایەن سەرکۆمار ئۆباما و رائۆل کاسترۆوە راگەیەنرا.»

نووسەر دواتر باسی کاریگەری دابەزینی نرخی نەوت لەسەر کووبا دەکات.

لەمەڕ رووسیە دەنووسێ: «لە رووسیە، پشکەکانی بازاڕی مۆسکۆ رۆژی دووشەممە ١١ لەسەد دابەزی و بەهای رووبلیش لە ناکاو ١٣ لەسەد دابەزی کە بەو مانایە کە یەك لەسەر چواری بەهای هەموو کۆمپانیا رووسییەکان بەپێی دۆلار لە ڕۆژێکدا لەدەست چوو. بانکی ناوەندی بە بەرزکردنەوەی نرخی بەهرە لە ١٠/٥ەوە بۆ ١٧ لەسەد پەرچەکرداری نواند. ئەم حەرەکەتە بچووکە هێشتا ئەوەندە نەبوو کە وەڵامدەری دابەزینی مەزنی خەزنکراوەکان و دابەزینی خێرای نرخی ئەرز بێت، کە ئەمەی دواتریان بە هۆی دابەزینی بەرچاوی داهاتی نەوت (٧٥ لەسەدی سەرجەم هەنارده و ٥٠ لەسەدی داهاتی بودجەی گشتی)، هەڵاتنی سەرمایەی مەزن و گەمارۆ ئابوورییەکان سەریهەڵداوە. بە دڵنیاییەوە ئەم ترسە هەیە کە ولادیمیر پووتینی شەڕانی قەیرانەکان بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان تا بارودۆخەکە خراپەکە لە ماڵەوە دوور بخاتەوە».

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# ئەستێرەکانی هیوا

ئەستێرەکانی هیوا

### عارف وەڵزی

ئەستێرەکانی هیوای ئاسمانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها، ٣٠هەمین ساڵیادی دیاری کردنی ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بەم شێوەیە بۆ کوردستان دەدوێن:

### حەممەد ساڵح کەریمییان لە (هەورامانی لهۆن)

پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە و بۆ پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی، ئامادەیە گیانی فیدا بکات. دووژمنانی کورد تا ئێستا نەیانتوانیوە پێشمەرگە بە چۆکدا بێنن و حەماسەی پێشمەرگە ئەمڕۆ لە دونیادا دەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە سەر و ماڵی گەلەکەمان ئەمڕۆ پێشمەرگەیە. ئەم چەکدارە شۆڕشگێڕەیە کە توانیویەتی سەربەرزی خۆی و نەتەوەکەی بپارێزێت. هەر بۆیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تێ بینییە منیش بووم بە پێشمەرگە.



### مامە قالە تاژانی لە (بانە)

پەیامی من وەك پێشمەرگەیەکی دێرین بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە، هەموو لایەك ئەو ڕاستییە بزانن کە بە هۆی هاوکێشە سیاسی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانەوە، جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بارودۆخێکی ئەستەم و قورسدایە، بۆیە پێویستە کە هەموو لایەك زۆرتر لە جاران هەوڵ بدەین و تێبکۆشین بۆ یەکڕیزی و یەکییەتی نێو ڕیزەکانی گەلەکەمان و پشوودرێژ بین. پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات یاریدەدەری مادی و مەعنەوی و سیاسی حیزبەکەیان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن.



### کەماڵ فەرۆخی لە (مهاباد)

شۆڕشگێڕێکی بە بیرۆباوڕ و خۆنەویست، گەل ویست و گیان لەسەردەست و نیشتمانپەروەر، بە قەناعەت، ماف ویست و پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، بە بیروباوڕ و ورە بەرز، بەرپرسیار بەرانبەر ڕێبازی شەهیدان، وەفادار بە خاك و نیشتمان، هەڵگری چەکی شەرەف و بەرخۆدان لە پێناوی ڕزگاری نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکەی، ڕووخۆش و بەگوڕ و سادق تا وەدیهێنانی ئاواتە و خەونە لە مێژینەکانی گەلەکەی.

دەزانن ئەو کەسە کێیە کە خاوەنی ئەو هەموو جووانییەیە؟ هەر ئەو کەسەیە کە هەموو ساڵێك حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی ڕێبەرانی شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێزی لێ دەگرێت و خەڵاتی دەکات. بەڵێ ئەو کەسە تەنیا و تەنیا پێشمەرگەیە.



### ئەحمەد فەرەجی لە (نۆدشە)

ئەو پێناسەیەی کە من دەتوانم بۆ پێشمەرگەی بکەم ئەوەیە کە، ناو و ئەرکی پێشمەرگە هێندە پیرۆزە کە بە بڕوای من هیچ زمان و قەڵەمێك توانای وەسفی نییە. هەر بەم هۆیەوە بوو کە من بە شانازییەوە زیاتر لە ٣٠ ساڵ تەمەنی خۆمم لە پێناوی خزمەت بە گەلە بەشخوراوەکەم و لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا گوزەراندووە. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە بەجەرگەیە کە لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادی گەلەکەیدا، وازی لە هەموو خزم و کەسووکار و خۆشی و سەروەتێك هێناوە و ئامادەیەی لەو ڕێگایەدا گیانیشی فیدا بکات.



### کامیل محەممەد پەناهی لە (سەردەشت)

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

پشتیوانانی هەمیشەیی پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی!

ئەگەر دەتانەوێ ڕۆڵەکانتان هەروەك جاران لە سەنگەری شەڕەف و کوردایەتیدا شۆڕشگێڕانە و سەربەرزانە خەباتەکەیان درێژە پێ بدەن، لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز واتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی سیاسی و مادی و مەعنەوی خۆتان دووپات بکەنەوە تا هیوا و ئاواتە لەمێژینەکانی هەموو نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی وەدی بێت.



### محەممەد کوردستانی لە (پیرانشار)

پێشمەرگە زۆر گەورەیە، بۆیە لە کاتێکی ئاوا کەمدا ناکرێت باس لە هەموو تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە بکرێت. پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا زۆر گەورەیە. گەورەیی پێشمەرگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دیفاعی لە خاك و نەتەوەکەی کردووە. پێشمەرگە هەمیشە سینگی خۆی کردۆتە قەڵغان لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەگەی، لە هیچ فیداکارییەك چاوپۆشی نەکردووە.



### محەممەد بەهاری ناسراو بە دڵسۆز لە (سەقز)

سلاو لە حیزبی دێموکرات کە داهێنەری ناوی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگە واتە ٢٦ی سەرماوەزە. بە درێژای خەباتی ٦٨ ساڵەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەری حدکا، هەمیشە پێشمەرگە بەو مرۆڤە خۆبەخش و گیان لەسەر دەستە وتراوە کە تەنیا بیر لە ڕزگاری خاك و نیشتمانەکەی دەکاتەوە. هەر بۆیە هەمیشە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە. هیچ هێزێکی داگیرکەر ناتوانێت پێش بە خەباتی پێشمەرگە بگرێت، بۆیە تا کوردێك بمێنێت پێشمەرگە هەر دەمێنێت و بۆ ڕزگاری کوردستان هەر تێدەکۆشێت.



### دلاوەر شەریفپوور لە (ورمێ)

سەرەتا پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە سەرجەم خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی ڕێگای سەربەستی دەکەم.
پەیامم بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە یەک ڕیز و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن لە بەرانبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا و خەڵك لە پیلان و سیاسەتەکانی ئاگادار بکەنەوە. لە کۆتاییدا داواکارم کە خەڵکی کوردستان هەروەك پێشوو، پشت و پەنای پێشمەرگە بن.



### گۆڵێ ئیبراهیمی لە (پیرانشار)

ئەگەر ڕۆژانێك بوو کە هەموو خەڵکی جیهان و ناوچەکە سەرەڕای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە، بە شێوەی پیویست گەلی کورد و پێشمەرگەیان نەدەناسی، بەڵام بە خۆشییەوە ئێستا لەخۆبردوویی و فیداکاری پێشمەرگە وای کردووە کە ناوی پێشمەرگە بۆتە وێردی سەر زمانی سەرکۆمار و سەرۆك وەزیرانی وڵاتانی گەورە و بچووکی جیهان. بۆیە هیوادارم کە خەڵکی کوردستان هاوکار و هاوخەمی ڕۆڵەکانییان بن و ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەوە ئەوانن کە دەتوانن گەلی کورد لە هە چوارپارچەی کوردستان لە زاڵمان و داگیرکەران پاك بکەنەوە.




### مەحموود خەزایی لە (نەهاوەند)

بە بڕوای من پێشمەرگە واتە کەسێك کە بێدەنگی بە بێ هێزی و دەستەوەستانی دەزانێ و ئامادەیە کە گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی کە بیر و باوەڕی خۆی زیندوو ڕابگرێت. کەسێکە کە لە مەیدانی خەبات و بەرخۆداندا بەردەوام تێدەکۆشیت و ناخۆشی و چەرمەسەرییەکان قەبوول دەکات، بەڵام هەرگیز بندەستی و زەلیلی قەبوول ناکات. پێشمەرگە واتە قەبووڵ نەکردنی هێڵە سوورەکانی دوور لە عەقل و دیکتاتۆرانە. واتە ڕەوشەنبیرێك کە بە باوەڕمەندبوون بە دیمۆکراسی بۆ ئازادی و سەربڵندی نەتەوەکەی، چەك و ئاڵاکەی شەکاوە ڕاگرتووە و بەپێوە مردنی پێ باشترە لە سەردانەواندن لە بەرانبەر کۆنەپەرستی.



### مستەفا پیرانی لە (هەوشار)

من پێشەکی پیرۆزبایی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە خەڵکی قارەمانی کوردستان دەکەم، هەروەها هیوادارم کە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان لە بەرەبەرەی وەها ڕۆژێکی مێژوویی و پیرۆزدا، بە ئەرکی خۆیان ڕابن و بە چەپکە گوڵێکەوە سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەکان و زیندانییانی سیاسی دەستی غەدر و تاریك پەرەستی بکەن و سەرەڕای پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگە، پەیمانی وەفاداری و پشتیوانی و درێژەدانی ڕێگاکەیان نوێ بکەنەوە. ئێوەش ئەی کچان و کوڕانی پەروەردەی خاکی پیرۆز و پێشمەرگە دۆستی کوردستان، پێوەست بن بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە و شانازی پۆشینی ئەم جلە پیرۆزە، بکەنە خەڵاتی هەتاهەتایی خۆتان.



### پەرویز مەراغەیی لە (ورمێ)

خۆم لەوە بچووکتر دەزانم کە پەیام بنێرم بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام دەکرێ بڵێم کە داواکاریم لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە هەر وەك هەمیشە پشتیوان و یارمەتیدەری پێشمەرگە بن بە چاوی ڕێزەوە لە خەبات و خۆڕاگری پێشمەرگە بڕوانن. بە سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگەکان، بسەلمێنن کە پێشمەرگە لە مەیدانی خەباتدا تەنیا نین.
ئەگەر جاران یارمەتی خەڵکی کوردستان بۆ پێشمەرگە لە شکلی نان و شوێنی حەوانەوەدا بوو، بەڵام ئێستا دەبێ لە بواری پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژیم و دانی زانیاری دروست و وشیارکردنەوەی لاوان و خۆپاراستن لە داوی مادە هۆشبەرەکان و ناساندنی مەواد فرۆش و بەکرێگیراوانی ڕژیم بێت.




# پرسیاری بن عەمامەکەی ڕێبەری

و: حەسەن ساڵحزادە

کردنەوەی گرێ پووچکەی دانووستانە هەنووکەییەکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لە لای عەلی خامنەیی، سەرۆکی شۆڕشی ئیسلامییە، ئەویش ڕاست لە ژێر عەمامەکەیدایە. کلیلی دانیشتنی بەرانبەر بە یەکی تاران- واشنگتۆن لەوێدایە. کلیلێك کە لە پێشدا سیاسییە و پاشان هەڵگری ئەم پرسیارەیە: «ئایا ڕێبەری دەتوانێ لەگەڵ شەیتانی گەورە مەی بنۆشێ»؟ دۆسییەیەکی قورس، ئاڵۆز و چەشناوچەشن، لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا دوو دەرفەتیشی سووتاوە، لە ئارا دایە. نوێنەرانی وتووێژەکە، حەوت مانگی دیکەیان دەرفەت بە خۆیان داوە تا بتوانن ڕێککەون. لەم ماوەیەدا کە ئاڵقەی گەمارۆکان خەریکن ئابووری ئێران دەخنکێنن، تۆزێك شلیان کردۆتەوە و شیمانەی ئەوە دەکرێ کە پلانی پێوەندی تاران- واشنگتۆن بێتە ئاراوە کە لە ساڵی ١٩٧٩وە بە فەرمی پچڕا.

لە لایەکی مێزەکەوە، وڵاتانی ٥ کۆ ١ دەیانەوێ کە ئێران پەیمانی «نا بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوکی» واژۆ بکا، لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی پێداگرە لە مافەکانی خۆی سەبارەت بە پیتاندنی ئۆرانیۆم. لێرەدا هێمای سەرەکی، نەبوونی متمانەیە. کۆماری ئیسلامی چۆن دەتوانێ ئاگری ئەو شەڕ و هەڵاوبەزمە هێور بکاتەوە، کە سی و پێنج ساڵە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گەشاندوویەتەوە؟ کاتێك کە شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩دا شای ئێرانی هەڵکەند، ئەو دروشمی «مرگ بر شای» ی بەرز کردەوە. حوسەین مووسەویان نوێنەری پایە بەرزی پێشووی دانووستانە ئەتۆمییەکەی ئێران، ڕۆژئاواییەکان بە دوو ڕوو لە قەلەم دەدا و دەڵێ: «ئێوە وانەی ئەخلاقتان نییە تا فێری ئێمەی بکەن و ئامانجی ئێران هیچ کات دروست کردنی چەکی ناوکی نەبووە». بە بۆچوونی ئەو، ڕۆژئاواییەکان هەڵوێستی گونجاو و باشیان لەگەڵ وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی ناوچەکەدا هەیە، وەك پاکستان، هیند و ئیسرائیل، هەر بۆیە تۆمەتی دوو ڕووییان دەداتە پاڵ. لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بووشدا، سیاسەتەکانی ئێران، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان شاراوە نەبوون، هەر بۆیە پێداگرییان لە گۆڕینی ڕێژیمی تاران دەکرد. ئەوان نەیانهێشت کە عەلی خامەنەیی بەردەوام بیر لە ئامانجەکانی بکاتەوە. ئاسایی کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و کرانەوەی دەرگای ئەوان بەرەو ڕۆژهەڵات، ڕیسکێکی گەورەیە بۆ ڕێژیمێك کە بانگەشەی ئەوە دەکا ٨٠٪ ئێرانییەکان لەگەڵ بەرنامەی ناوکی هاوڕان، هەروەها ئەو مەترسییەش هەیە کە بڵێن گەلانی ئێران لایەنگریی لە ڕۆژئاواییەکان دەکەن. دەوروبەری خامەنەیی و بارەگا قایمەکانی لەگەڵ کەمترین گۆڕانکاری لە بەرنامەی ئەتۆمیدا دژایەتییان هەیە. پاسدارانی شۆڕش واتە باسکی سەربازیی ڕێژیم و ئیمپڕاتۆرە ئابوورییەکانی، دەزگای دادوەری و سەرکوت لەگەڵ مەجلیس، لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەو خۆی ڕێبەریدان. لۆبی مەزنی ناوکی گەرا، لەگەڵ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان زۆر شتی لە دەست دەردەچێ. لە بەرامبەردا گەورەترین مەترسی ئەم دین سالارە دیکتاتۆرە واتە کۆماری ئیسلامی- ڕێژیمێك کە بە ئاشکرا دروشمی سڕینەوەی ئیسرائیل دەدا- پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای ڕێگە چارەیەکدا دەگەڕێ کە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حوکمرانی بکا، ئەو خەونەش تەنها بە پەرەپێدانی تێرۆریزم و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەدا دێتە دێ. جاران دین سالاری کۆماری ئیسلامی لە هی عەرەبستانی سعوودی لە پێشتر بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بەرانبەر دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» دا، لە هەندێ بواردا ستراتیژی هاوبەشیان هەیە. کەواتە ڕێبەر دوو دڵە و لە ژێر عەمامە ڕەشەکەیدا ئەم پرسیارە دەسووڕێتەوە: «ئەرێ تۆ بڵێی من ئەوەندە بەهێز بم کە بتوانم لەگەڵ شەیتانی گەورەدا پەیمان ببەستم»؟

- ڕۆژنامەی لومۆند، ٥ دێسامبری ٢٠١٤



# پازڵی ئاڵۆزی عێراق

کەیهان یووسفی

خەون و ئایدیای ئامریکاییەکان بۆ لێدانی عێراق و ڕووخانی ڕێژیمەکەی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا ، دروستکردنی دێموکراسییەك بوو کە ببێتە چرایەك بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەژی لە تاریکی و وەلەرزە خستنی کۆڵەکەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە. بەڵام دوای تێپەڕبوونی ١١ ساڵ، خەونەکان هێشتا وەکووی خۆی مانەتەوە و عێراق بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی ئاڵۆز کە دیار نیە براوەی سەرەکی کێیە.

جیا لە شەڕی فیرقەیی و کێبەرکێی نێوان لایەنە عێراقییەکان ـ کورد، سوننە و شێعەکان ـ، وڵاتە هەرێمییەکان و ئامریکاش بوونەتە بەشێك لەم ململانێیەو هەرکامەو دەیهەوێت عێراقێك دروست بکات کە خۆی دەیهەوێت.

بێ گومان سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریە(داعش) دەتوانێت وەکوو بەرهەمی ئەم شەڕە ئاڵۆزە بە ئەژمار بێت.

عێراقی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، لووتکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کۆڵەکەی سەرەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوننە بوو لە ناوچەکەدا، دەسەڵاتێك کە دەروازەی باشووری جیهانی عەرەبی لە بەرانبەر حکوومەتی شێعی ئێراندا دەپاراست، هەڕەشەیەك بوو بۆ سەر ئیسراییل و لەمپەرێك لە بەرانبەر نفووزی تورکیە و بێ شك کێشەیەکیش بۆ ئامریکا و ڕۆژئاوا.

ڕووخانی سەدام ئەوەی لێ دەرنەهات کە ئامریکا ویستی، هەر زوو ئێران، ئەفسەر و سیخوڕ و ڕاوێژکارە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی خۆی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەڕێ کرد بۆ عێراق. ڕووخانی سەدام بێ شك هەڕەشەیەکی گەورەی لە کۆڵ دەسەڵاتی ئێرانییەکان کردەوە، هەم حکوومەتێکی بە هێزی عەرەبی سوننە نەما و هەمیش پاڵپشتێکی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ناوچەکە. هەر بۆیەش ئێران بوو بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە عێراق، حەشیمەتی زۆرینەی شێعی و گرووپ و پارتە شێعیەکانی عێراق، بەشێکی زۆریان دەست پەروەردەی ئێران بوون و ئەولەویتی سەرەکی ئێرانیش لە عێراق، زاڵکردنی دەسەڵاتی یەکگرتووی شێعەکان بوو کە تا هەنووکەش ئەوەی کردووە.

کوردەکان کە ئەزموونێکی تاڵ و خوێناوییان لە دەسەڵاتی سوننەکان هەبوو، پاڵیان بە شێعەکانەوە دا بۆ پێکهێنانی حکوومەت، متمانەیەك کە دوایی گرفتی زۆری بۆیان دروست کرد. دەسەڵاتێکی شێعی بە هێز لە عێراق بێ شك عێراقی پڕ لە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێرانی دەکردە دۆست و پاڵپشتێکی باش بۆ ئەم وڵاتە و هەربۆیەش ئێران و سپای قودسی ئەم وڵاتە حزوورێکی بەرچاویان لە عێراق پەیدا کرد.

بێ شك دەسەڵاتدار بوونی شێعەکان نە قازانجی ستراتژیکی ئامریکای دابین دەکرد و نەك هاوپەیمانە عەرەبەکانی لە هەرێمەکە و لەوانە عەرەبستانی سعوودی ڕازی دەکرد. عەرەبستان دەسەڵاتێکی بە هێزیی شێعی لە عێراق قەد بەلاوە پەسەند نیە. ملهوڕی و تاکڕەوەی شێعەکان لە حکوومەت، گومانی گەورەی بۆ کوردەکان دروستکرد.

سوننەش کە تا دوێنی دەسەڵاتدار بوو بە گشتی خرایە پەراوێزەوە. تێکچوونی دۆخی سووریە و بەهێز بوونی هێزە سوننەکان لەم وڵاتە و دەرکەوتنی دیاردەیەك بە ناوی داعش، سوننەی نارزای و دڵپڕ لە خۆێنی عێراقی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.




لە ستراتژی ئامریکاییەکاندا، کوردەکان تەنیا توانایی پاراستنی ناوچەکانی خۆیان هەیە، سوپای عێراق توانای وەدەرنانی داعشی نیە و تەنیا بژاردەش بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق، ڕازیکردنی سوننەکان و چەکدارکردنی ئەوانە.

ئەگەرچی شێعەکان و سەرۆك وەزیرانی عێراق، حەیدەر عیبادی نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام لە مەڕ مەسەلەی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سووریە و لێدانی داعش یەك بۆچوونیان نیە. ئێران مەترسی لە دەستدان و ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی هەیە. ستراتژی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش لە سووریە، لاوازکردنی پشتی جیبهەی داعش لە عێراق و بە هێز کردنی سپای ئازادی سووریەیە ـ وێدەچێت کوردەکانی ڕۆژئاواش بەشێك لەم پلانە بن ـ و ڕووخانی بەشار ئەسەدە. ڕووخانی بەشار ئەسەد خواستی تورکیە و هاوپەیمانە سوننەکانی ئامریکایە کە هاوڕێیەتی ئامریکایان لە هێرش بۆ سەر سووریە کردووە. ئامریکا دەیهەوێت دەسەڵاتێکی بەرفراوان لە کوردەکان، سوننەکان و شێعە سیکۆلارەکان لە عێراق دروست بکات، ئامانجێك کە بێ گومان بە دڵی عەرەبستان و تورکیە و بە دڵی ئێران نیە.

هەرێمی کوردستان گەورەترین شەریکی بازرگانیی تورکەکانە لە ناوچە. دەوڵەتی تورکیە دەیهەوێت بازاڕەکانی باشووری عێراقیش بە دەست بێنێت. عەرەبستان و دەوڵەتانی عەرەبی هەرێمەکە عێراقێکیان دەوێت کە لە ژێر ڕکێفی ئێراندا نەبێت. لە لایەکی دیکەوە بژاردەی سەربەخۆیی کوردستان، کارتێکی گوشارە بە دەستی کوردەکانەوە و هەنووکەش وەلانەنراوە و بێگومان لە ئەگەری بەردەوامبوونی پێداگری ئێران بۆ جێبەجێکردنی حەزەکانی لە عێراق، ئەگەری لێکترازانی پێکهاتەکانی عێراق زیاتر دەبێت. ئەمەش دیسان دەتوانێت قەیرانێکی جیددی بۆ ئێران بێت و هاندەرێکی سەرەکی بۆ کوردەکانی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە. بێگومان عێراق وەکوو خەنجەرێکی دووسەرە بۆ دەسەڵاتی ئێران.

وێدەچێت کە ئامریکا ئەمجارە گەڕاوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئایدیا و خەونەکەی. داعش و ئێران دوو لەمپەڕی سەرەکی دروستکردنی ئەم خەونەن. بژاردەی یەکەم بێ گومان هەنووکە داعشە، ئێران دەیهەوێت بە هۆی ئەم قەیرانەوە شوێن پێی خۆی لە هەرێمەکەو عێراق پتەوتر بکات و هەر بۆیەش سپای قودس و قاسم سولێمانی هەر ساتێك لە شوێنێك خۆیان دەردەخەن. بەڵام ئەمە ناتوانێت تا سەر قبووڵ بکرێت، بێگومان ئەمە لەگەڵ خواستی ئامریکاییەکان و عەرەبستان و تورکیە و سوننەی عێراقیش نایەتەوە.

هاوسەنگی هێز لە نێو لایەنە عێراقییەکان و سەقامگیری لە عێراق ئەوەیە کە زۆرینەی عێراقییەکان و ئامریکاش دەیانهەوێت، ئاواتێك کە لەگەڵ خواستی ئێرانییەکان تەبا نیە. لە عێراقدا هەر وڵاتێك کارتێکی بەدەستەوەیە، ئێران، مەجلیسی باڵای عێراق و سپای بەدر و جەیش المهدی و ... کە گوێڕاڵی ئەوەن، عەرەبستان و تورکیە سوننەکانی ئەم وڵاتە و کوردەکانیش کە لەگەڵ ئێران و ئامریکا و تورکیە سازاون. بێ شك تێپەڕبوونی زەمەن ڕەنگە بتوانێت براوەی ئەم پازڵەمان بۆ دیاری بکات کە ئەگەرەکان بۆ ئەوەی ئێران نەك براوە کە یەکێك لە دۆڕاوەکان بێت زۆر لەسەرەوەیە.

# شەوی یەلدا و لە دایکبوونی ڕووناهی

هیوا میرزایی

شەوی یەلدا وەك درێژترین شەوی ساڵ، ئاکامی دیاردەیەکی سروشتیە کە لەودا هەتاو لە جووڵەی ساڵانەی خۆیدا، لە کۆتایی پاییزدا، دەگاتە نزمترین خاڵی ئاسۆیی باشووری ڕۆژهەڵات کە دەبێتە هۆی کورت بوونەوەی ماوەی ڕۆژ و زۆربوونی ماوەی تاریکی. بەڵام بە دەسپێکی زستان، هەتاو سەرلەنوێ بەرەو باکووری ڕۆژهەلات دەگەڕێتەوە کە ئاکامەکەی زۆربوونی ماوەی ڕۆژ و کەمبوونەوەی تاریکییە. بە واتایەکی دیکە شەش مانگی دسپێکی هاوین تاکوو دەسپێکی زستان، هەر شەو و ڕۆژ هەتاو کەمێك خوارتر لە شوێنی پێشووی خۆی لە ئاسۆدا ئاوا دەبێ تا لە کۆتاییدا لە دەسپێکی زستان لە خوارترین ئاستی باشووریدا ئاوا دەبێ.

یەلدا لە وشەیەکی سریانی وەرگیراوە بە مانای «لە دایکبوون».

ئەم دیاردە سروشتییە بەڵام لە سەردەمانی کۆنەوە جێی بایەخی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران و خەڵکی هێندێك وڵاتی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بووە و ئەم بایەخەیش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

یەکێك لەم هۆیانە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ژیانکردنی خەڵك، وەك دەزانین لە سەردەمانی کۆندا بەشی هەرە زۆری خەڵك لە ڕێگای کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە ژیانیان دەگوزەراند و سەرەتای زستان بۆ خەڵك بەواتای پشوو و کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بووە و هەر بۆیە لەم شەوەدا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمگەلێك ڕێزیان لە ماندووبوونی خۆیان گرتووە و بە شادی و ئاگرکردنەوە چوونەتە پێشوازی وەرزی سەرما و بەفر.

هۆیەکی دیکەی بایەخدان بەم شەوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك بیرکردنەوە کە تاریکی و شەو لای ڕابردووەکان هێما و سەمبولی ئەهریمەن بووە و خەڵك بۆ بەرەبەرەکانێی درێژترین شەوی ساڵ لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و بە گێڕانەوەی چیرۆك و خواردن و خواردنەوە ئەم شەوەیان بردۆتە سەر بە واتایەکی دیکە ویستوویانە بەم شێوەیە بە سەر ئەهریمەندا زاڵ بن.

شەوی یەلدا لە کوردستان و لای نەتەوەی کوردیش بەردەوام جێی بایەخ بووە و ئەم شەوە لای کوردان بە «شەو چلە» ناسراوە و ئەوانیش وێڕای نەتەوەکانی دیکە بە ڕازاندنەوەی سفرە و کۆبوونەوە لەدەوری یەکتر و گێڕانەوەی هەقایەت و چیرۆك و پێکەنین و خوێندنەوەی شێعر ئەم شەوەیان بەخۆشی بردۆتە سەر. بەڵام شەوی یەلدا سەرەڕای بۆنە مێژوویەکەی بۆ کوردان لە ڕوانگەیەکی دیکەیشەوە جێی بایەخ و گرینگیدان بووە ئەوەیش هاوکاتبوونی ئەم شەوەیە لەگەڵ ساڵرۆژی لە دایکبوونی پەیغەمبەری ئاشتی و مامۆستای دێموکراسی و ئازادیخوازی کورد شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو.

دوکتور قاسملوو لە شەوی یەلدای ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵك لە یەکێك لە گوندەکانی شاری ورمێ بە ناوی « قاسملوو» لە دایکبووە و هەر لە سەدەمی لاویەتییەوە ژیانی خۆی تەرخانی دۆزی کورد و بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی کرد و لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوییەوە بۆ ماوەی ١٨ ساڵ وەك سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بوژانەوە و خەباتی ئاشکرای ئەم حیزبەدا هەبووە. سەردەمی سکرتێری دوکتور قاسملوو یەکێك لە پرشنگدارترین قوناخەکانی خەباتی میلی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

شەوی یەلدا لە سەردەمی خەباتی خوێناوی و لە دۆخی دژواری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتدا هەمیشە لە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچووە و ئەمە نیشانەی باوەڕمەندبوون بە کەلتوورێکە کە حیزبی دێموکرات پێی ڕاهاتووە و ئەویش کەلتووری خۆشی و پێکەنین و ڕێزگرتن لە ژیان و هیواداربوون بە داهاتووە. کەلتووری شادی و پێکەنین کەلتوورێکە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە دژبەری بوون و بەردەوام ڕێگربوون لە بەڕێوەچوونی ئەو بۆنانەی کە تێیدا خەڵك لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و بە هەڵپەڕکێ و خۆشی و شادی دەیانهەوێ کات بەسەر بەرن. هەر بۆیە دەبینین کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا چ لە ڕاگەیاندن و چ لە پەروەردە و فێرکردندا بانگەشە بۆ کەلتووری شین و گریان و خەمۆکی دەکەن و هەر ئەمە وایکردووە کە ئێران لە ئاماری ساڵی ٢٠١٣ (SDSN)لە نێو ١٥٦ وڵاتدا کە بۆ خۆشحاڵترین و خەمناکترین وڵاتانی جیهان ئەنجامدراوە پلەی ١١٥ بەدەست بێنێ. هەر چەند لەم توێژینەوەدا زۆر پێوەری دیکە وەك ئابووری، تەناهی و ... شتی دیکە لەبەرچاو گیراون بەڵام بێگومان ئەو کەلتوورەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکا کاریگەری زۆری لە سەر دۆخی دەروونی خەڵکانی نیشتەجێی ئێران هەیە.

شەوی یەلدا بۆ کوردان وەبیرهێنەرەوەی کەسایەتی و مێژووی خەباتی گەورە پیاوێکە کە دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەدەستهێنانی مافەکانی کردە بنەمای خەباتی خۆی و تا دوا دڵۆپی خوێنی سوور بوو لەسەر کورد بوون و مافەڕەواکانی. ئەم شەوە هێما و سەمبولی زاڵ بوونی ڕووناکییە بەسەر تاریکی و لە دایکبوونی قاسملوو وەك ئەستێرەی درەوشاوەی نەتەوەی کورد بۆ هەمیشە ئاوێتە دەبێ لەگەڵ ڕێزگرتن لە شەوی یەلدا و نەوە دوای نەوە کوردان هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی بۆنەکانی ئەم شەوە ڕێز لە ڕێباز و فیداکاری و خەباتی دوکتور قاسملوو دەگرن.



# ئەو توێژە کەمتەرخەمە

ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
نسار

گەورەترین، بە ئازارترین و دژوارترین لاوازیی نەتەوەیی ئێمەی کورد لە مێژووی هاوچەرخ و نوێدا ئەمە بووە کە نەمانتوانیوە لەو شەپۆلانەی کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، لە ماوەی دوو سەدە و بە تایبەت پاش شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی بەرەو ناوچەی ئێمە هاتوون، بە قازانجی نەتەوەسازی، دەوڵەت سازی، خۆ سازی، پێشڤەچوون و گەیشتن بە ئازادی کەڵکی پێویست وەربگرین. لاوازییەك کە هەمیشە یەخەی نەتەوەی کوردی گرتووە و بە درێژایی مێژوو بووەتە هۆی بەڵایەکی ماڵوێرانکەر بۆ ئەم نەتەوەیە. ئەم لاوازییە شتێك نییە کە چارەنووسی نەتەوەی کورد بێ، بەڵکوو بە جیددی ئاکامی کردەوەی نەگونجاوی عەشیرە، هۆز و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەو سەردەمەدا بووە. لاوازێك کە بەداخەوە دەتوانرێ بگوترێ کە هەنووکەیش، بەڵام ئەمجارە لە چوارچێوە و شکڵێکی نوێ لە کرداری هێندێك لە حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوە مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دەبینرێ. نیشانەی بەرجەستەی ئەم لاوازییە دەتوانرێ لە هاوکاری نەکردن، کێبەرکێی ناتەندروست، کەمتەرخەمی لە بەرامبەر ڕووداوە چارەنووس سازەکان، کورت بینی سیاسی، تاکتیکە نابەجێیەکان و هێندێکجار لاگیرە هەڵە فیکری و سیاسییەکان ببینرێ.

کەمتەرخەمی لە مەسەلە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان خەسارێکە کە لە کۆمەڵگای کوردستانی لە حاڵی تێپەڕبوون و ئەمڕۆیی ( مودێڕن) بەدیار دەکەوێ و دەتوانێ پێوەندیی نەتەوەیی و تەنانەت چارەنووسی سیاسیی بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون ببات. چوونکە تەنیا گرووپێك لە کۆمەڵگای کوردستان بە ناوگەلی جۆراوجۆر ناچاربوون نیشتمان بەجێبێڵن و لە دەرەوەی نیشتمانی دایکیی خۆیان ژیان بکەن، هاورێ لەگەڵ توێژێکی کەم لە کۆمەڵگا کە لە ماڵی خۆیان لە کوردستان یان لە گەورە شارەکانی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا ژیان دەکەن، ژیانی خۆیان فیدای ئازادی دەکەن و لەم ڕێگەدا تووشی خەسارگەلی ماڵی و گیانی فەراوان بوونەتەوە. لە بەرامبەردا، ڕێژەیەکی زۆرتر کە هێندێکجار زۆرینەی کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێ، کەمتەرخەم و ئاسوودە لە تەنیشت ئەم مەسەلە تێپەڕ دەبن و لەهەمبەر ئازادی نیشتمان و نەتەوە یان پرسە چارەنووس سازە سیاسی و نەتەوەییەکان کەمتەرخەمن.

ئازادی کۆمەڵگا و نەتەوەیەك بەستراوەتەوە بە هاورێیەتی نەتەوەیی و بەشداریی بەربڵاوی زۆرینەی خەڵك و مەسەلەیەك نییە کە بە کەمتەرخەمی بەشێك لە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بتوانرێ بێتە دی. لەبەر ئەوەی هەموو توێژەکان لە بەرامبەر ئازادی و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای خۆیان ئەرکدارن و چارەنووسی نەتەوەیی لە گرەوی هەر ئەم بەشدارییە بەکۆمەڵەدایە. جێی داخ ئەوەیە کە لە نێو گرووپی دووهەمدا، دەرەتانی فریوخواردن و کەوتنە داوی دوژمنی بەشێك لە کەسە ناهۆشیارەکان دەتوانێ لە گۆڕێ دابێ. لەبەر ئەوەی گرووپگەلێك هەن کە بە شکڵگەلی جۆراوجۆر، زانایانە یان نەزانانە خەسارێکی قەرەبوونەکراوە بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵك دەگەیێنن. بەداخەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە گرتنەبەری سیاسەتی لەناوبردن و ئاسمیلەکردن توانیویانە هێندێك کەس لە نێو هەر ئەم توێژە تووشی کەمتەرخەمی بکەن و لە کۆمەڵگایان جودا بکەنەوە و بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاریان بێنن.

یەکێك لە ناحەزترینی ئەو شێوازانەی کە دوژمنانی نەتەوەی کورد بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان بەکاریان بردووە، شێوازی بەکرێگیراوییە. بە شەهامەتەوە دەتوانرێ بگوترێ کە ئەم دیاردەی پەروەردەی بەکرێگیراو و بەکرێگیراویی بووەتە هۆی خراپترین جۆری خەساری کۆمەڵایەتی لە کوردستان. ئەم خەسارە بە شێوەیەکی هەستپێکراو سێبەری خستووەتە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بووەتە هۆی دوورکەوتنەوە و دوو بەرەکی هەرچی زۆرتری تاکەکانی کۆمەڵگا. لەبەر ئەوەی بەکرێگیراوەکان بشکێکی بەرچاوتریان لە تێرۆریزمی دەوڵەتی کە لە دژی نەتەوەی کورد بەکار دەبرێ بوویانە و هەیانە.

ئازارهێنەرە لە وەها دۆخ و هەلومەرجێکدا کە کوردستان تووشی هێرشی تیرۆریستەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عێراق و شام ناسراو بە «داعش» و پشتیوانانی دەوڵەتی ئەوان بووەتەوە، تەنانەت پێشتریش کە هاونیشتمانیانمان بە تاوانی ئازادیخوازی و بەرابەری لە لایەن وڵاتانی حاکم بە سەر کوردستان ڕەشە کوژ و پاکتاو دەکران، توێژێك لە کۆمەڵگای کوردستان هەروا لە کەمتەرخەمی تەواو لە سەر پشتی بوونەوەرێك کە خۆیان دروستیان کردووە، درێژە دەدەن، غافل لەوەیکە ئەم بوونەوەرە خەوتووە ڕۆژێك لە خەو هەڵدەستێ و خەونی شیرینی ئەوان تووشی ئاڵۆزی دەکا. بۆ بوونەوەرێك کە تینووی خوێنی لاوانی کوردستانە و مانەوەی خۆی لە گرەوی لەناوچوونی نەتەوەی کورد دەبینێ، بێ گومان جیاوازییەك لە نێوان کوردی بەناو «باش» و خەوتوو و کوردی خەباتگێر و ڕاپەڕیوو نییە. لە ڕاستییدا هەلومەرجێك کە ئەمڕۆ بۆ خەڵکی شاری کۆبانێ و ناوچەی شەنگال لە بەشە ڕۆژئاوایی و باشوورییەکانی کوردستان هاتووەتە پێش هەرچی زۆرتر ڕووی ڕاستی ئەم مەسەلە نیشان دەدا.

هەر بۆیە پێش ئەوەیکە ئاگری ماڵوێرانکەر و ئەم بوونەوەرە تینووە بە خوێنی نەتەوەی کورد هەوڵی سووتان و لە ناوبردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، دەبێ هەموو توێژەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چین و توێژێك، خۆیان لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی ڕێك بخەن و لە بەرامبەر ئەو سیناریۆیانەی کە دوژمن بۆ نەتەوەی کوردی لەبەر چاو گرتووە کەمتەرخەم و بێدەنگ نەمێننەوە.

نزیك بە سەدەیەك پێش ڕێککەوتنامەی سایکس ـ پیکۆ سنوورەکانی بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە پێچەوانەی حەزی دانیشتووانی ئەوان دیاریکرد، لەو ڕێکەوتەوە تا ئێستا ئەم ڕێککەوتنامەیە دەستی دیکتاتۆرەکان و هێرشبەرانی دەرەکی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ئەم ناوچانە و پێکهێنانی ئاڵۆزیی و پشێوی ئاوەڵە کردووە. لەم دابەشکاریانەدا، کوردستان نەبووە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، هەربۆیە گەورەترین خەساری ئەم دابەشکاریانە و ئاڵۆزییەکانی تووشی نەتەوەی کورد بووە و تا ئێستایش هەربەم شێوەیە نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد بووەتە فیدای گەمە، ڕق ئەستووریی و بەرژەوەندخوازی جیرانەکانی خۆی. ئەم وڵاتانە و دەسەڵاتدارە دەرەکییەکانی بۆ لاوازکردن و لەناو بردنی یەکتر لە شێوازگەلی جۆراوجۆری پیلان، دەستدرێژی و وێرانکاری کەڵکوەردەگرن. بەرجەستەترین نیشانەی دروستبوونی گرووپە بەکرێگیراوەکانی وەك «گرووپی تێرۆریستی ئەلقاعیدە» و لقەکانی سەر بە ئەوە. ئێستایش بە پەروەردەکردنی یەکێك لە لقەکانی جیابوویەوە لە ئەلقاعیدە کە «داعش»ە، هەوڵی جێبەجێکردنی نوسخەی دووهەمی ڕێککەوتنامەی سایکس ـ پیکۆ دەدەن. لە کردەوەدا، زۆربەی ئەم گەمە بۆگەنیوە سیاسیانە گەڵاڵەی دوژمنان لە دژی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیە لەبەر ئەوەیکە نەتەوەی ئێمە لەم گەمە و پیلانە شوومانەی دوژمنان بپارێزرێ و لە خەریتەی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگەیەکی شیاوی هەبێ، ڕێگەچارەیەك بێجگە لە هاودڵی، هاوپێوەندی و هاوکاری هەموو حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخستنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا نییە.

ئەرکی ئێمەیە تاکوو هەموو توانای خۆمان لەم بارودۆخ و هەلومەرجەی ئێستادا، بە سەرنجدان بە هەلومەرج و دەرەتانەکان و لە چوارچێوەی پۆتانسیلەکان بۆ خۆسازی، دەوڵەت سازی و نەتەوەسازی و لە کۆتاییدا ڕزگاری لەم دۆخە نەگونجاوە و گەیشتن بە مافە مرۆییەکانی خۆمان بخەینە گەر. هەروەها دەبێ لە ڕاستای گەیشتن بە فەرهەنگێکی نوێی سیاسی لە ڕەهەندە نەتەوەییەکان، پەرەدان بە کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردنی حیزبە سیکولار، دێموکرات، بان عەشیرەتی، بان ناوچەیی و بان ئایینی هەوڵێکی زۆرتر بدەین. بەگشتی دەبێ دیوارەکانی تەك حیزبی و داخراو بڕووخێنین و سنوورەکانی لێکدابران و کەلێنەکانی پێکهاتەی بەرتەسکی ناوچەیی، عەشیرەیی، ئایینی و تەنانەت حیزبی لە ناو بەرین و لە جێگەی ئەو بەرەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی کە لەودا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بتوانن جێگەیان بێتەوە، جێگرەوەی ئەو بکەین. ڕوونە کە بەشداریی هەمە لایەنەی نەتەوەیی لە سیاسەتدارێژییەکان و بڕیارەکان، سەرەکیترین بنەمای یەکگرتوویی نەتەوەییە. بیچ بەشداریی هەمەلایەنەی بەربژێرەکان و نوێنەرانی توێژە بەربڵاوە خەڵکییەکان لە پێکهاتەی خەبات و بەتایبەت ڕەوتەکانی بڕیاردان و سیاسەتدارێژی، یەکگرتووی نەتەوەیی، دەبێتە وشەیەکی درۆیین، بەتاڵ و گاڵتەجاڕ و بانگەشەیەك بۆ کەڵکوەرگرتنی نارەوای سیاسی بە قازانجی کەسەکان، گرووپەکان و دەرەئەنجام حیزبە تایبەتەکان.

بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی بنەڕەتی کوردستان کە حەشیمەتێکی دەیان میلیۆنی هەیە، جیا لە خەباتی سیاسی حیزبەکان و هێندێك جار خەباتی چەکدارانە، لانیکەم لە بڕگە زەمەنییەکاندا، پێویستمان بە جووڵەیەکی نارەزایەتی و بوێرانەی بەردەوامی خەڵکی مەدەنیە، هەر وەك ئەوەی کە لە «ئینتفازەی» یان لە بەشی باکووری کورستان یان کوردستانی تورکیە ڕوو دەدا، هەیە، واتە خەبات لەهەموو بیاڤەکانی ژیان و خەباتێك کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لەودا بەشدار بن. بەشێوەیەك کە هەموو خەڵکی کوردستان خۆیان ئەرکدار بزانن بۆ هاوکاری لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان. خەباتی پێشمەرگەکان و بەرخودانی زیندانیانیی سیاسی لە زیندانەکانی تورکییە و ئێران و پشتیوانیی فیداکارانەی خەڵکی خەباتکار نموونەگەلێك لەم خەباتە بووە کە جێی ڕێز و ستایش کردنە. بۆ گەیشتن بە شوناسێکی ئازاد، جیا لە ئەو شتانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوەکرا، پێویستە توێژی دابڕاو و کەمتەرخەمی کۆمەڵگا و ئەو بەشەی فریوی دوژمنانیان خواردووە بگەڕێنەوە بۆ باوەشی گەل، تەنانەت ئەوانەی کە بۆ ماوەیەك زانایانە و نەزانانە لە خزمەتی دوژمندا بوون و زیانی قەرەبوو نەکراوەیان لە خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان داوە. بەم هاوپێوەندی و یەکگرتنە و پشتیوانیی هەمە لایەنەی کۆمەڵگایە کە دەتوانین شوناسی دزراوی خۆمان بەرهەمبهێنینەوە و لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا بە ڕەنگگەلی جۆراوجۆر و لە ئاشتی و سەقامگیریدا ژیان بکەین.





## جووت حەوت

### هەوراز

ـ لە هەموو کاولستانێکی ئەم دنیایەدا تەنانەت لە لوبنانیش کە سەر بە پارێزگای سووریەی ئێرانە، کاتێك کە بەرپرسێك باس لە گەندەڵیی کەسێك دەکات، مەبەستی ئەوەیە کە سزای دەدات و کۆتایی تەمەنی سیاسیی ئەو کەسە هاتووە، بەڵام لە ئێرانە حەیاتەکەی برادەراندا ئەگەر بۆ نموونە سەرکۆمار یان سەرۆکی دەزگای قەزایی بیسەلمێنن کە فلانەکەس (وەك ئایەتوڵڵا ئامولیی لاریجانی) دەستی بە سەر زەوی و زاری خەڵکدا گرتووە و دەوری پارێزگایەکی بۆ خۆی دیوار کێشاوە، ڕۆژی دواتر ڕێبەر دەیکاتە سەرۆکی دەزگای قەزایی. ئەگەر بەرپرسێکی قەزایی دیکە پەردە لە سەر قاچاخچێتیی کەسێك (وەك پاسدار ڕوویانیان) لا بدات، ڕۆژی دواتر سەرکۆمار دەیکاتە بەرپرسی ستادی سووتەمەنی و دابەشکردنی بەنزین، ئەگەر کەسێك لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە وەکوو تیرۆریست بناسرێت (وەك هەموویان) و حوکمی دەستبەسەر کردنی لە دەرەوەی وڵات بۆ دەر بکرێت، دەبێتە سەرکۆمار یان سەرۆکی دەزگای دیپلۆماسی یان نوێنەری ئێران لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر بڕوانامەی کەسێك (وەك کامران دانشجوو) بە ساختە دەربچێت دەبێتە وەزیری خوێندنی باڵا، ئەگەر کەسێك بتوانێ بە دەستی خۆی پیاو سەر ببڕێت یان تیری خەلاس لێ بدات (وەکوو پوورمحەممەدی) دەبێتە وەزیری داد، ئەگەر قازییەك (وەك موحسنی ئیژەیی) لە دادگایەکی خودی ڕێژیمدا بە قەپ گۆشتی لاملی ڕۆژنامەوانێك (وەك عیسا سەحەرخیز) بکەنێت، دواتر دەبێتە دادئەستێنی گشتیی وڵات، ئەگەر کەسێك ڕێبەرێکی کورد بە غەدر و خەیانەت بکوژێت، دواتر دەبێتە نوێنەری ڕێژیم بۆ دیپلۆماسی لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی کورد، ئەگەر کەسێك لە ئاڵمانەوە فیلمی پۆرنۆی بگەڕێتەوە بۆ ئێران و ژنەکانی بە تۆڵەی بێ ئەخلاقییەکانی تیزاوی بۆ بکەنە نێو مەسینە (وەك حاجی ئاغا حوسەینیی بەناوبانگ)، دەبێتە مامۆستای «ئەخلاق لە بنەماڵە» لە تەلەڤیزیۆندا، لە هەموویان سەیرتریش ئەوەیە کە ئەگەر سەرکۆمار بڵێ هەر ئۆرگانێك ڕاگەیاندن و چەك و پارە و هەموو شتێك بۆ خۆی پاوان بکات (وەك سپای پاسداران) تووشی گەندەڵی دەبێت، مەبەستی ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو قەیرانە ئابوورییەکان، دوو ڕۆژ دواتر لە مەجلیسدا دەیهەوێ ٢٥٪ بە بوودجەی ئەو ئۆرگانە زیاد بکات.

ـ ماوەیەك بوو باسی تاڵانی سێ میلیارد دۆلاری و فتواکەی ئاغای وەلی فەقیە کە فەرمووی «قەیناکا، لە سەری مەڕۆن» کۆن ببوو و ئیتر کەس باسی نەدەکرد، نەماندەزانی کاتیك کە ئاغا دووبارە فتواکەی تازە کردەوە و وتی: «باسکردن لە گەندەڵیی بەرپرسان حەرامە» و هەموو ئەحمەد خاتەمییەکانیشی ڕاسپارد لە سەر ئەو فتوایە خلیسکێنە بکەن، ئاغا موجتەبای شازادەی جێنشین قاڵی قەوماندووە و بە دزینی ١٢ میلیارد دۆلاری دیکە، ڕیکۆردێکی پێوانەیی نوێی بۆ خۆی تۆمار کردووە، بۆیە لەمەو بەدوا پێش ئەوەی لە سەر فەرمایشاتی حەکیمانەی ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب قسە بکەین، دەبێ لە فەلسەفەی فتوا یان بە قەولی فوقەها لە شەئنی نزوولی ئایەتەکان تێ بگەین و حیکمەتی شاراوەی نێو فلتە فلتەکانی فام بکەین، ئەودەم دەتوانین خۆی گوتەنی بە بەسیرەتەوە قسە بکەین و ئەگەر خامنەیی وتی «م» بزانین مەبەستی ئەوەیە کە «موجتەبا سی میلیارد دۆلاری دیکەی لە پارەی ئێوە بۆ خۆی هەڵگرتووە، ئاگاداری خۆتان بن ئێستا کاتی تاقیکردنەوەی وەفاداریتان بە ویلایەتی ئەبوومۆجتەبایە».

ـ پاش ئەوەی ئاخوندێکی ویلایەتمەداری پێڕەوی خەتی ئیمام لە ئوستراليا لە عەمەلیاتێکی بارمتەگرتندا کوژرا، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی کتوپڕ ڕایگەیاند کە ئەو کابرایە چەتە بووە و گەندەڵ بووە و شێت بووە و لە ڕابردوودا ئازاری سێکسیی ژنانی داوە و ئێمەش پۆلیسی ئۆستراليا و ئینترپۆلمان لەو پێوەندییەدا ئاگادار کردۆتەوە، کەواتە دژبەری کۆماری ئیسلامی بووە و کاتی خۆی لە بەر شمشێری عەداڵەت هەڵاتووە و هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەوان نەبووە,

سەرەڕای ئەوەی کە دەرکەوت هیچیشیان بە ئینترپۆل نەگوتووە، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو خاڵانەی سەرەوە تێ دەگەین کە هیچ یەك لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ ئاخوند محەممەد حەسەن مەنتقی، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە تاوانێك نین کە ئاخوند و پاسدارەکانی دیکەی دەسەڵاتدار (لە حەرزرەتی ئیمامەوە تا سەعیدی حەمام) نەیانکردبێت و بەو هۆیەوە کەسێك لە ڕیزی خودییەکانەوە بچێتە نێو ڕیزی ناخودییەکان. ئەگەریش نەکوژرابایە، دڵنیاتان دەکەمەوە دوای ماوەیەك وەکوو کازم دارابی و عەلی وەکیلی ڕاد دەگەڕایەوە بۆ ئێران و ئاغای زەریف بە تاجەگوڵینە دەچووە پێشوازی و بۆ خولی داهاتووی سەرکۆماریی ڕۆحانی دەکرایە وەزیری خارجەی دەوڵەتی ئیمامی زەمانیش.

# کوردستان و ئازەربایجان لە یەک مەتەرێزدان

سەلام ئیسماعیلپوور

مانگی سەرماوەز لە مێژووی خەباتی پڕسەروەریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا وەبیرهێنەری سەدان حەماسەی سەرکەوتن و تراژێدیای نسکۆ و گلانی سوارچاکی کوردایەتی لە ئەسپی مێژووە کە وەك یادگارێك، لاپەڕەکانی پەرتووکی ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەم گەلەیان نەخشاندووە. لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا خرۆشی پێشمەرگانەی خەڵکی مەهابادی هەمیشە دێموکرات، وەك گەردەلوولێکی بەسام لاپەڕەی ژیانی دوایین بنکەی سەرکوت و کاولکاریی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویی تێکەوە پێچا و ئاڵای نەتەوەیی کوردستان لە سەر بینای شارەبانیی مەهاباد هەڵکرا و بەیداخی ژیانەوەی کوردان بە دەم هەناسەی ڕزگاریی موکریانەوە شەکایەوە. ئەم ڕووداوە کرانەوەی دەروازەیەکی شکۆدار بە ڕووی ڕێبەندانە مێژوویەکەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بوو کە لەوە بەدواوە بوو بە ئیلهامدەر و ڕێنوێنی خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان.

ساڵێك پاش ئەم ڕووداوە مێژووییە و هەر لەم مانگەدا (لە ماوەی ڕۆژەکانی ٢١ تا ٢٦ی سەرماوەز) حکوومەتی میلیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بوونە قوربانیی ساتوسەودای ژێربەژێر و ئاشکرای زلهێزەکان کە بە درێژەکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرکوتکەری پەهلەوی بە سەر ئێراندا زیاتر لە دابینبوونی داخوازیی ڕەوای دوو نەتەوەی کورد و تورك دەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان و باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بپارێزن.

ماوەی تەمەن و پێکەوەژیانی ئەم دوو حکوومەتە نەتەوەییە ئەگەرچی کورت، بەڵام هەڵگری زۆر وانەی مێژوویی بۆ فێربوون بوو کە ئەم دوو نەتەوەیە و تەنانەت گەلانی دراوسێیان لە ناوچەکەشدا دەتوانن پەندی لێ وەربگرن و هەر لەم ماوە کورتەدا کە گەلانی جیهان لەگەڵ خوێناویترین و تۆقێنەرترین شەڕی مێژوو دەستەویەخە بوون، ئەم دوو گەلە کە پاش تێپەڕاندنی قۆناغێکی ڕەشی ژیان لە ژێر سێبەری ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردن و سووکایەتی، تازە گیانێکیان بە بەردا دەهاتەوە و ئەزموونی ئازادی و سەروەری و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان تاقی دەکردەوە، سەرچەشنێکی درەوشاوەیان لە هاوکاری لە سەر بنەمای مەسڵەحەت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان خستە ڕوو کە هێشتا بۆ نەسڵی ئێستای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش شیاوی خوێندنەوە و لێ فێربوونە.

بێگومان، ئەزموونی هاوخەباتی و پێکەوەژیانی برایانەی ئەم دوو گەلە و حکوومەتە ساواکانیان لە نێو دەریایەك لە ململانێ کێبڕکێی خوێناویی دنیای ئەو سەردەمەدا بابەتێکە کە هەنووکە زیاتر لە هەموو کاتێك، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گیرۆدەی دواکەوتوویی، توندڕەوی و تێرۆریزم دەبێ وانەی لێ فێر بێت. ئەوە بەو واتایەیە کە دوو نەتەوەی ستەملێکراوی کورد و ئازەری بە پشتبەستن بە وەها پاشخانێکی دەوڵەمەند زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی دیکە شایانی ئەوەن کە بە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆسەی هاوکارییە، بە سەر ئەو کێشە و ناکۆکییانەدا زاڵ بن کە بوونەتە لەمپەر لەسەر ڕێگای بەختەوەریی هەر دوو نەتەوە. نموونەی ئەو لەمپەرانەش سەرەڕۆیی حکوومەتە گەندەڵە ناوەندییەکان و ناکۆکیی و دووبەرەکییەکانی نێوان گەلی کورد و تورکە.

مەخابن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هێندێك کەس و لایەنی دەگمەن لە نێوان هەر دوو لادا دەرکەوتوون کە بە تێڕامانێکی ورد دەتوانین لەوە تێبگەین کە بە شێوەیەکی خوازراو یان نەخوازراو ئاو بە ئاشی دوژمنی هاوبەشی کورد و ئازەریدا دەکەن و لە تەپڵی دوژمنایەتی و دووبەرەکیی نێوان کورد و تورك دەدەن. ئەم مەسەلەیە لە کوردستاندا بە هۆی بوونی حیزبە بەرپرسیار و ڕەسەنەکان و ڕێکخستوویی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵگای کوردستان کەمتر جێگای نیگەرانییە، چوونکە ئەم جۆرە کەس و لایەنە پۆپۆلیستانە زیاتر لە کۆمەڵگایەکدا کەشی لەبار بۆ خۆنواندن و ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵك بۆیان دەڕەخسێت کە تووشی بۆشایی دامەزراوە سیاسی و مەدەنییە بەرپرسیارەکان بێت. کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی جۆری خەباتی ئازادیخوازانەی، خاوەنی ئەزموونێکی سیاسیی دەوڵەمەندە و تەنانەت لە گێژاوی ئاگر و خوێنیشدا هەمیشە پاراستنی بەها مرۆییەکانی لە بەرچاو گرتووە، هەر بۆیە ئەو کەس و لایەنانەش کە دەیانهەوێ بە ڕژاندنی نەوت بە سەر ئاگری ناکۆکییەکاندا، جێگە و پێگەیەك بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، لەوەها کۆمەڵگایەکدا هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنیان بۆ ناڕەخسێت.

بەڵام بە داخەوە، لە کۆمەڵگای سیاسیی ئازەربایجاندا بۆشایی ڕێکخراو و دامەزراوە خاوەن ناسنامە و بەرپرسیار و بەئەزموونەکان لە سەردەمی پاش نسکۆی حکوومەتی میللی ئازەربایجاندا (کە لێرەدا دەرەتانی ئەوەمان نیە بپەرژێینە سەر هۆکارەکانی) بۆتە هۆی ئەوەی کە دوژمنانی هاوبەشی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری بە تایبەتی بە نێڵدانی ئاگری دەمارگرژییە مەزهەبییەکان، بتوانن ڕابردووی گەشاوەی پێکەوەژیانی لە سەردەمی دەسەڵاتە نەتەوەییەکانیاندا خەوشدار بکەن کە کارەساتەکانی وەك کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد لە قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش و هتدی لێ کەوتۆتەوە. شۆڤێنیزمی تێکەڵ بە فاشیزمی مەزهەبیی دەسەڵاتدار، هەوڵی داوە مرۆڤکوژانی وەك مەلا غوڵامڕەزا حەسەنی کە بەکرێگیراوی ڕێژیم بۆ ئاژاوەنانەوە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان کورد و تورکدایە، وەکوو قارەمان و کاریزمای نەتەوەیی تورکەکان لە شەڕی کورد و تورکدا بناسێنێت و خەڵکی تورك هان بدات کە گوێڕایەڵ و شوێنکەوتووی ئەو جۆرە لۆمپەنە ڕق لە دڵانە بن.

هەڵبەت ڕوخساری کەسانی وەك مەلا حەسەنی تەنانەت لە نێو بیروڕای گشتیی نەتەوەی تورکیشدا زۆر ڕیسواتر و قیزەونتر لەوەیە کە بتوانن بیڕازێننەوە و ئابڕوویەکی پێ بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لە بیر بکەین کە کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی بە تەرخانکردنی تێچوویەکی زۆر هەوڵ دەدەن بە ڕەشکردنی سیمای مرۆیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و بڵاوکردنەوەی ئەو وەهمە کە گوایە ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد، دژایەتیی گەلی ئازەری و وەدەرنانی تورکەکان لە ئازەربایجانە، توانیویە سەرنجی کۆمەڵێك لە هاونیشتمانانی تورکی ئازەربایجانی لە خەبات بە دژی دوژمنی سەرەکییەوە کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی دەسەڵاتدارە، بەرەولای دژایەتیکردنی خەڵك و حیزبە خەباتگێڕەکانی نەتەوەی کورد ڕابکێشێت.

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر نووسراوە و وتارە دوژمنکارانەکانی کۆمەڵێك کەس و لایەنی توندڕەوی بە ڕواڵەت نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی نەتەوەی ئازەری کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ماڵپەڕەکان، ڕۆژنامەکان و شەونامەکاندا تۆوی دووبەرەکی و ڕق و قین لە نەتەوەی کورد لە نێو تورکەکانی ئازەربایجاندا دەچێنن، لە هاوئاراستەبوونی تەواوی هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیەدا تێ دەگەین.

گۆڕینی ناوی جوغرافیایی شار و ناوچەکانی کوردستان، ناوهێنان لە خەڵکی ئەم دەڤەرانە وەکوو کۆچەری و داگیرکەر، سووکایەتی بە پیرۆزییەکان و بەهاکانی خەڵکی کورد و دانانی ناو و نیتکەی جۆراوجۆری وەك «وەحشی، دەستفرۆش، قاچاخچی، کرێکاری بێگانە و ...» لەسەر ئەو خەڵکە، دانانی ناوی تیرۆریست لەسەر حیزبە خەباتکارە کوردەکان کە هەمیشە پێداگرییان لەسەر پێویستیی پێوەندی دوو لایەنەی نێوان کورد و تورك لەسەر بنەمای ڕیزگرتنی بەرانبەر کردۆتەوە و دووبارەکردنەوەی تۆمەتەکانی ڕێژیم بۆ ئەم حیزبانە، کۆمەڵێك لە هەوڵەکانی ئەم کەسانەیە کە هاوئاراستەی سیاسەتەکانی دوژمنی هاوبەشی ماف و ئازادییەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورك لە ئێراندایە.

ئاشکرایە کە نابێ ئەم کەسانە بە نوێنەری بیروڕای گشتی و ڕوانگەی زۆرینەی گەلی ئازەری لە ئێراندا بەرانبەر بە هاوسەنگەرانی کوردیان لە خەبات دژ بە کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیدا بزانین، چوونکە کۆمەڵگای وشیار و تێگەیشتووی ئازەربایجان باش دەزانن کە دژایەتیکردنی گەلی کورد نەك هەر قازانجێکی بۆ گەلی ئازەری بە دواوە نیە، بەڵکوو لادانێکی کارەساتبار لە ڕێڕەوی خەباتی ئازادیخوازانە و ئەزموونی پێکەوەژیانی شارستانیانەی دەیان ساڵ پێش ئێستای نێوان ئەم دوو گەلەیە کە لە ئاکامدا وزە و هێزی مەزنی خەبات و شۆڕشگێڕیی ئەوان دەکاتە سووتەمەنیی کوورەیەك کە حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران لە دەیان ساڵ پێش ئێستاوە بۆ سووتاندنی هەر دوو نەتەوە هەڵیان گیرساندووە. هەر لەم بزووتنەوە قارەمانانەیەی کوردستاندا دەیان و سەدان نموونە دەتوانین بهێنینەوە کە دەرخەری هاوپێوەندیی تورکەکانی تورکەکانی ئازەربایجان لەگەڵ کورد و پشتیوانییان لە بزووتنەوەی ڕەوای ئەم گەلە بووە. ڕابردووی خەبات و گیانبازی و خزمەتی بێ وچانی خەڵکی تورك و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی وەك شەهیدان موهەندیس ڕەزا خەیاتی، بەهرام ئازادفەڕ و ... لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەی تورك و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی ئەو دەڤەرە، سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرکەوتنی خۆیان و شکستی ئەو بزووتنەوەیەش بە شکستی خۆیان لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە دێموکراتیك و مرۆییەکانیاندا دەزانن. ئەوەش هەر درێژەی ئەو تێڕوانینەیە کە حەوت دەیە لەمەوپێش حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ پەیمانی دۆستایەتیی واژۆ بکەن و یەکگرتنێکی پێك هێنا کە ئەگەر پیلانی نێونەتەوەیی و پارادایمی شەڕی سارد نەبوایە، حکوومەتی ناوەندی بۆ تا هەتایە لە بەرانبەر ئیرادەی گەیشتنی ئەم دوو گەلە دۆست و برایەدا بە ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، چۆکی دادابوو. هەنووکە پاش دەیان ساڵ، شەپۆلی وشیاریی نەتەوایەتی ئازەربایجانی گرتۆتەوە و گڕکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانیش پاش قۆناغێکی کورت لە کزبوونەوە، کڵپە و بڵێسەی دێت. کەواتە، کۆماری ئیسلامی وەکوو سەرکوتکەرترین و خوێنڕێژترین دوژمنی ئێستای کوردستان و ئازەربایجان، بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی «پەرت کە و زاڵ بە» تیمە تایبەتییەکانی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکیی بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە و لە یەکتر وەردانی کورد و ئازەری خستوونەتە کار.

لە وەها هەلومەرجێکی هەستیاردا، کورد و تورك نابێ ڕێگە بدەن ئەو کێشە و گرفتانەی کە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، ناونیشانی دوژمنی سەرسەخت و پێشێلکەری ماف و ئازادییەکانیان واتە کۆماری ئیسلامییان لێ تێك بدات و لە جیاتیی خەباتی هاوبەش دژ بە ئەو دوژمنە ئاشتیهەڵنەگرە، ڕێگای قین هەڵگرتن لە یەکتر و دووبەرەکی بگرنە پێش و پێ بنێنە نێو گۆڕەپانی شەڕێکی نگریس و بێ ئاکام (ئەگەرچی زارەکی)، چوونکە بێ گومان لە وەها شەڕێکدا تەنیا یەك لایەن براوە دەبێت و ئەوەش کۆماری ئیسلامییە.


آذربایجان نماینده‌لری طهرانا گیدن گون طیاره میدانیندا کرد خلقینین حرمتلی پیشواسی
جناب آقای قاضی محمد تعلق ایده‌رکن

**ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەی تورک و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی ئەو دەڤەرە، سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرکەوتنی خۆیان و شکستی ئەو بزووتنەوەیەش بە شکستی خۆیان لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە دێموکراتیک و مرۆییەکانیاندا دەزانن**

**شۆڤینیزمی تێکەڵ بە فاشیزمی مەزهەبیی دەسەڵاتدار، هەوڵی داوە مرۆڤکوژانی وەک مەلا غوڵامڕەزا حەسەنی کە بەکرێگیراوی ڕێژیم بۆ ئاژاوەنانەوە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان کورد و تورکدایە، وەکوو قارەمان و کاریزمای نەتەوەیی تورکەکان لە شەڕی کورد و تورکدا بناسێنێت**

# هەژار موکریانی



بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان نارەوێ
داری ئاڵاکەم وەکوو چەقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ
داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێن مژی کوردی هەژار
پێی بڵێن با داکەوێ،لەو خاک و ئاوە چی دەوێ؟
داری ئاڵامان برا سێدارەیە بۆ دوژمنان
هەر لەئاسۆگ سەر کەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ
پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ، ڕەنگی سوور دەڵێ
تا تنۆکێک خوێنی کورد مابێ ،قەدی من نانەوێ
یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە
قەومی کورد ڕزگارە، ئەو داشدارە،بەختوو ناخەوێ
یان دەڵێ لێم سوورە، دێمۆکراسی لە عالەم سەر کەوت
موستەبید و مورتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ
سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو، نەما پەردەی شەوێ
دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت بێ
خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژین لێر و لەوێ؟
پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشوو پێ دەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ ڕێی تەڕەقی پێشرەوێ
ڕەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو ڕۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ
لاوەکان نامووسی نۆ میلیۆنە ئەو ئاڵایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو نامووسەتان لە منوو کەوێ
ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەبی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزلوومەکان
تا زەمانە خول دەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ
ڕەبی هەر کەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێر کەوێ، کۆستی کەوێ ڕەبی سەعاتێک نەسرەوێ

ئەم شیعرە لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان خوێندراوەتەوە.

## ئاوێزە



● فەریدوون ئەرشەدی

فەرەیدوون ئەرشەدی، مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی ، لە گەڕەکی «قەتارچیان» ی شاری «سنە» لە دایك بووە . بنەماڵەی لە مسگەرانی شاری سنەن کە بە هۆی نەمانی دەوری پیشەی مسگەری ، روویان کردوەتە نەجاری و لە ساڵی ١٣٤٤ دا بەرەو شاری «مەریوان» بارگە و بنە دەگوازنەوە و لەوێ تا ساڵی ١٣٥٨، ماونەتەوە و دواتر بە بۆنەی شەڕەوە، چووەتە شاری سنە و لەوێ دیپلۆمی وەرگرتووە.

ساڵی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢ چووەتە سەربازی و پاشان لە ساڵی ١٣٦٣ بەولاوە تا ١٣٧٧ لە «کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان» دامەزراوە و وەك بەرپرسی کتێبخانەی «کانون.» لە شاری سنە و وەکوو کارناسی ئەدەبیی و فەرهەنگی، لە شارەکانی سەقز و تاران و ورمێ کاری کردووە. لە تەك خاتوو «فەرانەك ئەحمەدی» شاعیر و فیلمساز ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و خاوەن دوو کچ و دوو کوڕن.

هەر لەو ساڵانەدا لەم شوێنانە کاری کردووە:

ـ تەلەویزیۆنی سنە، وەك نووسەری بەرنامەی منداڵان

ـ ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران ـ نووسینگەی سنە (انجمن سینمای جوانان ایران / دفتر سنندج) وەکوو مامۆستای «سێناریۆ نوسین» لە شاری سنە

ـ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و ماوەیەك بەرپرسی «ئەنجومەنی ئەدەبی ئابیدەر» لە سازمان تبلیغات اسلامی

ساڵەکانی ٦٦ / ٦٧ لە شاری سنە

ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی «ئاویەر» لە «کۆنگرەی فرزانگان کورد» لە شاری سنە

ـ ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرپرسی بەشی ئەدەبیی «هەفتە نامەی سیروان» لە شاری سنە ساڵی ٧٦ /٧٧

زستانی ١٣٧٧ چووەتە باشووری کوردستان . کاری لە «کوردستان تیفی» کردووە و دەستەی دامەزرێنەری بەشی منداڵانی کوردستان تیڤی بووە.

ـ هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە بۆ کار لە «نەورۆز تیڤی» تەلەویزیۆنی نێوخۆیی حزب. کار لەگەڵ ناوەندی فیلمی حیزب بۆ بەرهەم هێنانی ژیاننامەی «شەهید دوکتور قاسملوو.»، «مێژووی حیزبی دێموکرات» و چەندین بەرهەمی دیکە ناوبراو نووسەری بووە.

ـ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی شیعر و تەرجەمە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئورگانی حیزب و گۆڤارە ئەدەبییەکانی باشووری کوردستان،

٢٠٠٣ سەفەری بۆ ئورووپا کردووە و لە وڵاتی ئاڵمان گرساوەتەوە،لەم ماوەیەدا لەگەڵ تەلەویزیۆنی تیشك کاری کردووە، بۆ ماوەی نزیك بە ٥ ساڵ کاری ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی «ڕامان»ی لە ئەستۆ بووە و تەوەری بەرنامەکانی بە گشتی سەبارەت بە ڕەوتی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان لە کوردستان بووە.

ئێستاش ماوەی ساڵێکە بەرنامەیەك بە ناوی «ڕێگە» بۆ کوردستان تیڤی ئامادە دەکا.



هەر خەندەت بەسە بۆ چاندن و درووێنەی داهاتوو
ڕێگاکەت بەسە بۆ هەنگاوی بێ هەڵە تا ئاسۆ
شاخێکی تا بنار لێرەوار
پەناگەی ئاسکۆڵەی ئازادی و
دوندێکی پەسای پەس
گەڵاڵەی پڕ باران ڕادەگری و
پێی دەڵێی ببارە و ببارە
پێدەشتی ژیانمان تێر ئاو کە

## هێمن



ئەختەر کچی کوردی چاو مەست
ئیلهام بەخشی شیعری پڕ هەست
ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەر
ئەختەر ئەی گوڵی نێو سەنگەر
پساندت بازنە و پاوانە
دەستت دا تفەنگ پیاوانە
ناڕێژی چاو، سوور ناکەی لێو
شانە ناکەی ،بسکی پەشێو
یەکجاری فڕێت دا چارشێو
ئەوە ڕووت کردە چڕ و کێو
دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەر نێزە نەک بە مژۆڵ

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 643 ▪ 21 Dec 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# نوێترین ئاماری گیرۆدەبووانی ئینتەرنێت لە جیهاندا




بەپێی نوێترین توێژینەوە، ٦٪ی دانیشتوانی جیهان کە دەکاتە ١٨٢ ملیۆن کەس لە جیهاندا گیرۆدەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بوون.

پێگەی دەیلی مەیڵ ڕایگەیاند، دوو زانای زانکۆی هۆنگ کۆنگ توێژینەوەیەکیان لەسەر ٥٥٤ خۆبەخش لە ٣١ وڵاتی جیاوازی جیهانەوە ئەنجامداوە، دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەش دەریخستووە کە ٦٪ی دانیشتوانی جیهان گیرۆدەی ئینتەرنێتن و تەنانەت ڕۆژێکیش بێ ئینتەرنێت ناژین، ئەو ڕێژەیەش بە ژمارە دەکاتە ١٨٦ ملیۆن کەس لە جیهاندا.

ئەوەی جێی سەرنجە کە ١٠٪ی ئەو ١٨٦ ملیۆن گیرۆدە بووە دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ئەوەش واتا زۆرترین حاڵەتی گیرۆدەبوونی ئینتەرنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هاوکات کەمترین ڕێژە ٢,٦٪ە کە خەڵکی باکوور و خۆرئاوای ئورووپان، هەروەها ٦٪یان خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئورووپان.

# نوێترین ئامێری سیخوڕیی ئەمریکا



ئەم ئامێرە نوێترین ئامێری سیخوڕیی ئەمەریکایە کە خرابێتەڕوو، ئامێرێکە وەك ماسی وایە و هەروەك ماسیش مەلە دەکات لەهەمان کاتیشدا ماسی نییە و ڕۆبۆتە.

ئەم سیخوڕە سەربازییە ئێستا لە ویلایەتی ڤێرجینیایە، سیخوڕەکە درێژیەکەی ٥ پێ دەبێت و کێشەکەی نزیکەی سەد پاوەندە. ئەم سیخوڕە بە جۆیستیکێك لە دەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت یان بەرنامەی ئۆتۆڕەنی بۆ دادەنرێت و خۆی بە بەرنامە کارەکانی خۆی بەڕێ دەکات.

دەریاوانەکان باوەڕیان وایە ئەم ئامێرە بە ئاسانی نابینرێت، چونکە شێوەی وەك ماسی وایە هەر وەك ئەویش مەلە دەکات و دەشتوانرێت ڕەنگی شین بکرێت. هەروەها بەجۆرێك دروستکراوە کە تیشکی سۆنەر ناتوانێت بیدۆزێتەوە و جووڵەی ئامێرەکەیش نیشان نادات.

ئەم ئامێرە بۆ سێ مەبەست بەکار دێت: یەکەم، بۆ خستنەڕووی دوژمنانی دەریا. دووەم، بۆ گەڕان بەدوای مینە تێکشکێنەرەکانی دەریا و سێیەمیش بۆ ئاگادارکرنەوە لە هەر هێرشێکی نەویستراو لەلایەن مرۆڤەوە.

# ئەو کەسانەی خۆیان بە گەنجتر لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، زۆرتر دەژین



هەموو مرۆڤێك بەگوێرەی تەمەنی ڕاستەقینە هەست بەخۆی دەکات، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ کە لە ماڵپەڕێکی ئەمریکیدا بڵاو کراوەتەوە دەری دەخات کە ئەو کەسانەی هەست بە گەنجێتی دەکەن، تەمەنیان درێژتر دەبێت و زۆرتر دەژین.

توێژینەوەکە لەسەر بەراوردی نێوان ئەو کەسانە کراوە کە بەو شێوەیە هەستیان کردوە بەرامبەر بەو کەسانەی کە بەو شێوەیە نەبوون.

توێژینەوەکە کە لە لایەن پسپۆڕانی زانکۆی لەندەنەوە ئەنجام دراوە، دەری دەخات کە پاراستنی تەمەنی خود ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی سروشتی تەندروستی بەگشتی دەبێت و دواتریش ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی داهاتوو دەبێت و کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن دەبێت.

ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە نزیك بەو بابەتە دەریان خستوە کە ئەو کەسانەی گوشاری دەروونی و نەخۆشییەکانی دڵ و نەخۆشییە سەختەکانی تریان هەیە، هەموو نیشانەی ئەوەن کە تەمەن بەخێرایی تێدەپەڕێت.

# بۆ چارەسەرکردنی هاوسەرەکەی، منداڵە یەک ساڵانەکەی دەفرۆشێت



© HAP/Quirky China News/REX

ڕاگەیاندنەکانی وڵاتی چین وێنەی ژنێکی ئەو وڵاتەیان بڵاوکردەوە کە لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری فۆچۆدا، کچە یەك ساڵانەکەی بۆ فرۆشتن داناوە، ئەوەش لەپێناو دابینکردنی چارەسەری پێویست بۆ هاوسەرە نەخۆشەکەی.

بەپێی هەواڵێکی پێگەی دەیلی مەیڵی بەریتانی، ئەو ژنە کە ناوی «نی چیونگ»ە لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی شاری فۆچۆ کچەکەی خۆی بۆ فرۆشتن داناوە و لە پۆستەرێکدا نوسیویەتی «تکایە کچەکەم بکڕن، هاوسەرەکەم نەخۆشە و چاوەڕێی نەشتەرگەرییە لە نەخۆشخانە».

هاوسەرەکەی «نی چیونگ» کرێکار بووە و لەسەر یەکێك لە باڵەخانەکانی ئەو وڵاتە لە کاتی کارەکەیدا کەوتوەتە خوارەوە، بەڵام خاوەنی کارەکەی جێیهێشتوە و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتووە. لە ئێستاشدا ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ هاوسەرەکەی «نی چیونگ» ١٦ هەزار دۆلاری تێدەچێت.

هاوکات زۆرێك لە دانیشتوانی ئەو شارە هاوخەمی خۆیان بۆ ئەو ژنە دەربڕی و بە پارە هاوکاریان پێشکەشکرد، سەرەڕای ئەوەش کەسێك ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ کڕینی منداڵە یەك ساڵانەکەی.

## زایەڵە

### خەساری دووایین خولی دانووستانەکان

**فاتیح ساڵحی**

بەدەستهێنانی زیاترین قازانج و پاراستنی بەرژەوەندییەکان یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی هەر دانوستانێکە. هەڵبەتە لە هەموو دانوستنەکاندا کۆمەڵێك دیاردەی نەگۆڕ و بگۆڕ هەیە کە هەر کامەیان دەتوانن لە هەلومەرجی جیاوازدا، شوێندار بن لەسەر ڕەوتی دانوستانەکان و هەروەها دەستەبەر بوونی قازانج و بەرژەوەندییەکان.

لە دوایین خولی دانووستانەکانی نێوان گرووپی پێنج زێدە یەك و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر پرسی ناوکی ئەم ڕێژیمە، دوو لایەن پاش ساڵێك وتوویژ و دانوستاندن، ماوەی وتوویژەکانیان بۆ حەوت مانگی دیکە درێژ کردەوە. هەرچەند زۆر کەس لە دەرەوە و نێوخۆی ئێران هۆشداریان دا سەبارەت بە درێژ کردنەوەی وتوویژەکان و خەسارە قەرەبوونەکراوەکانی لە ماوەی درێژەکێشانی وتوویژەکاندا. بەڵام بە گوتەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەم ڕێککەوتنامە ئەوەندە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا بەنرخ بوو کە بتوانن بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژی بکەنەوە.

ئەمڕۆ بە جوانی بۆمان دەردەکەوێت کە لایەنی ڕۆژئاوایی بە یارمەتی هەندێ لە وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە، چلۆن تەنگیان بە ئێران هەڵچنیوە و بە شێوەی ئاشکرا دەرکەوت کە ئێران و گرووپی دانوستانکاری ئێرانی نە تەنیا نەیانتوانی لەم خولە دانووستانەکاندا پوانێکی ئەوتۆ وەربگرن بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوەشی کە هەیانبوو زۆر بە ئاسانی لەدەستیان داوە. بۆ وێنە دوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەگەر ئێران ئامادە بێت بە هەمان مەرجەکانی ساڵی پێشوو بۆ ماوەی حەوت مانگی دیکە چالاکییە ناوکییەکانی ڕابگرێ، ئەوانیش ئامادەن لە بەرامبەردا مانگانە بڕی ٧٠٠ هەزار دۆلار لە داراییە بلۆکەکراوەکانی ئەو ڕێژیمە بگەڕێننەوە بۆ ئەو وڵاتە. واتە نزیك بە ٥ میلیارد دۆلاری ئەمریکی و ڕەنگە ئەمە یەکێك لە ئامانجەکانی لایەنی ئێرانی لە درێژ کردنەوەی ماوەی دانووستانەکان بوویێت.

هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی دانووستانەکاندا و دەنگۆی دابەزینی بەهای نەوت و دوابەدوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك، وا دەرکەوت ئۆپێکیش یەکێکی دیکە لە باسکە بەهێزەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییە بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ئێران. چونکوو بە پێداگری عەرەبستان و هەندێ وڵاتی دیکە لە سەر دانەبەزاندنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و دابەزینی چاوەڕواننەکراوی بەهای نەوت لە بەرمیلی ١٠٠ دۆلاروە بۆ ژێر ٦٠ دۆلار، بە شێوەیەکی کردەکی وڵاتی ئێران تووشی خەسارێکی جیددی بوو. واتە ئێران لە بەرامبەر ئەو ٥ میلیارد دۆلارەی کە لە ئەنجامی دانووستانەکاندا بەدەستی هێنابوو و وەك سەرکەوتنێك پێناسەی دەکرد ئێستا بە هۆی دابەزینی بەهای نەوت زیاتر لە ٨ میلیارد دۆلار خەساری پێ دەگات و ئەگەر بمانەوێ بەراوردێکی سەرەتایی بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئاکامی ئەم دانووستاندنانە بۆ ئێران جگە لە بەردەوامیی ڕاوەستاندنی چالاکییە ناوکییەکانی خەسارێکی ٣ میلیاردی و بگرە زیاترە و ئەمەش بوو بە هۆکارێ کە یەکەمین دانیشتنی جێگرانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی پێنج زێدە یەك و ئێران لە کەش و هەوایەکی سارد و سڕ و بە بێ هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆ بە کۆتایی بگات و وێدەچێ دانووستانەکانی داهاتووش بە هۆی خەسارە دارایی و سیاسیەکانی ئێران هەروەك جاران لە بنبەستدا بەردەوام بێت و لە ماوەی ٦ مانگی داهاتووشدا، کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە.